«زانیار محەممەد حەمەئەمین»

ڕۆمان



# تاوان لە بەرگی ئاوریشم

ڕۆمان

# تاوان
# لەبەرگی
# ئاوریشم

زانیار محەمەد حەمەئەمین

٢٠٢٠

## ناسنامەی کتێب


- ناوی کتێب: تاوان لە بەرگی ئاوریشم
- نووسەر: زانیار محەمەد حەمەئەمین
- جۆری کتێب: ڕۆمان
- پێداچوونەوە: چاوان عطا
- دیزاین:هونەر عوسمان
- قەبارە: ١٤*٢١ سم
- ژمارەی لاپەڕە:١٦٥ لاپەڕە
- چاپخانە: ناوەندی سارا- سلێمانی
- چاپی یەکەم: ٢٠٢٠

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارە سپاردنی ( ١٧٥٨ )ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێ دراوە**

# پێشەکی

یەکێک لە دیارترین دیاردەکانی ناو کۆمەڵگەکان گێچەڵی سێکسیە قێزەونترین وشەیە کە کۆمەڵگای گرتبێتەوە، کوردستانی باشووریش بێبەش نییە لەم جۆرە دیاردەیە کە بە دڵنیای دەگەڕێتەوە بۆ ناهۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا، تەنها بەوەشەوە ناوەستێ کە دەبێتە هۆی لەکەدارکردنی کۆمەڵگا بەڵکو جۆرەها توندوتیژی و لێکترازان بە دوای خۆیدا ڕاپێچ ئەکات بەجۆرێک کە چەندەها خێزانی لێک ترازاندووە بێئەوەی هەست بەبوونی زیانەکانی بکەن کە لەنێوان تاکەکاندا بەجێی دەهێڵێ وە لێرەدا لە بچوکترین نموونەدا کە سەدەهای هاوشێوە هەن بێئەوەی هیچ کەس پێی بزانێ لە کاتێکدا کە ئێستا چەندەها جۆری تۆڕی هۆشیارکەرەوە هەن و کەسایەتی بەناو مۆدێل

هەن کە زۆرینەیـــان هانـــدەری ســـەرەکین بـــۆ زیـــاتر بوونی گێچەڵی سێکسی و توندو تیژی بەرامبەر تاکی کۆمەڵگە، جۆرەها بەناو ڕێکخراوی ئافرەتان هەن کە بەهیچ جۆرێک سودی وەهای نەبینیوە کە جۆرەکانی توندوتیژی کەم بکەنەوە یان نەمێنێ بەڵکو زیاتر بەلارێدابراوەو بەکارهێنراوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئەو شوێنەی کە سودی نییە زیان نەبێ!

وەک لەم نموونەیەدا باسی دەکەین ئەو کیژۆڵە ١٤ ساڵانەی کە لەلای دایک و باوکی بوو کاتێک پیاوێکی خـاوەن سـەرمایەیان بـۆ دۆزیەوە بێـئەوەی بیـر لە خواسـتی کچەکەیـان بـکەنەوە کە تاچەنـد حەزی لە منداڵی خۆی و تەواوکردنی خوێندن و چوونە پەیمانگا و زانکۆیەکە بۆ فێربوونی زیاتر نەوەک هاوشێوەی زانکۆ و پەیمانگاکانی ئێستا کە لە جیهانی ئەمڕۆیا تەنها ژمارەیەک مۆدێلی گەورە کرد نەک زانست!

ئەو کیـژۆڵەیەی کە خواسـتی جوانیەکـانی ژیـان و منـداڵی بـوو بەڵام بەرگـی منداڵیان لێسـەند و کردیـانە کـاڵایەک بۆ مـامەڵەکردن لەلایەن دایک و بـاوک و بـرا کە بەبڕێک فرۆشراو نرخی تەمەنی خۆیان پێنەدا، لای هاوسەرە پیرە پیاوەکەی هەڵدێت بۆ پاراستنی بەشێک لە جوانیەکانی ژیان بەڵام پەنای بردەبەر ئەو شـوێنەی کە پێـی وابـوو ژیـانی بەنرختـر و جـوانتر ئەبێت لەو ژیانەی کە لەلای هاوسەر و خێزانەکەی هەیبوو بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی ئەو دەیویست و وێنەی کردبوو لای خۆی وانەبوو!

ئەبێ چی شوێنێک ژیانی ئەم کیژۆڵەیە ڕزگار بکات؟ ئایـا خۆشـی مـاوە بـۆ ئەوەی لە ژیانـدا دڵـی خـۆی پێخۆش بکات ؟؟!

لێـــــرەداو لەم پەرتـــــووکەدا لە ســــۆنگەی بەرپرسـیاریمەوە دەمەوێ سـەرنجی خـوێنەر ڕابکێشـم

بۆ هەموو ئەو ناسۆرانەی کە بەسەر ئەم کیژۆڵەیەدا هاتووە کە لە تەمەنێکی منداڵیدا گەورەبوو...

## دەستپێك

ژیانێکی قورس بەڕێ دەکەم لەگەڵ ئەو ساتانەی بوونەتە یادگاری لە ژیانمدا و هەموو ئەو ناسۆرانەی هاتونەتە سەر ڕێگام، دەمەوێ هەمووی بنوسم لەسەر ئەم کاغەزە سپیانە کە هیچ جێگای ئازاری نووکە پێنوسەکانی پێوەنییە و نەڕەنجاون نە ئازار دراون، من نامەوێ ئەم کاغەزانەی بەر دەستم ئازار بدەم لەپای ئازارەکانی خۆم، بەڵام ئەوانیش بۆ نوسین دروست کراون وەک چۆن من بە کچێنی دروست کرام و ژیانم بووە جێگای ئازاردان لە پەڕەی سپی منداڵی و کچێنیمدا لە سەرەتای ساڵەکانی دوو هەزاردا بوو من کچێکی ناسک و جوان و شیرین لەماڵدا نازداری چوارچێوەی ماڵەکە من بووم، هێدی هێدی ساڵەکان بەرەو ڕووی من دەهات و گەورە دەبووم، بەڵام ئەو

ئـازارانه‌ ده‌سـتیان پێکـرد كه‌ هه‌رگیـز ئـاواتی منـداڵیم نه‌بوون و كه‌دایكم ده‌ی خه‌واندم هه‌رگیز چیرۆكی ئاوا پڕ ئازاری بۆ نه‌خوێندبوومه‌وه‌ له‌ چیرۆكه‌كاندا هه‌موو كـات مـن كچـی په‌ری نـاو چیرۆكه‌كـان بـووم به‌ پێچه‌وانه‌ی ئه‌و ژیـانه‌ی تێـپه‌ڕی به‌سـه‌ر لاوێتیمـدا! له‌ قوتابخـانه‌ مامۆسـتای كوردیمـان ڕووی كـرده‌ هه‌مـوو قوتابیه‌كـان و وتـی هه‌مووتـان ئـاواتی خۆتـان بڵـێن و حه‌ز به‌چی ده‌كه‌ن و ده‌تانه‌وێ ببن به‌چی؟

هـاوڕێیه‌كم كه‌ بـاوكی نه‌خۆشـی جـگه‌ری هه‌بـوو پێویسـتی به‌ نه‌شـته‌ر گه‌ری بـوو وه‌ توانـای تێچـووی نه‌شـته‌رگه‌ریه‌كه‌یان نه‌بـوو هـاته‌ نـۆبه‌ی ئه‌و وتـی مامۆستا من ده‌مه‌وێت ببم به‌ دكتۆری نه‌شته‌رگه‌ری! وه‌ك هه‌میشـه‌ مامۆسـتا وتـی بـۆچی ده‌ته‌وێ ببیـت به‌ دكتۆری نه‌شته‌رگه‌ری؟

- شکاری هاوڕێم: لەبەر ئەوەی باوکم پێویستی بە نەشتەرگەریە.!

_مامۆستا: بە پێکەنینەوە بۆ دەتەوێ هەتا تۆ دەبیتە دکتۆر باوکت چاوەڕوانبێت!

من دەمزانی کە بەڵێ باوکی چاوەڕوان دەبێت ئەگەر هاتوو نەمرێ چونکە ناچارە چاوەڕوان بێت بۆیە مامۆستا بێ ئاگا لەوەی توانای تێچووی نەشتەرگەریەکەیان نییەو چاوەڕوان دەبێت، ئاواتی من کە هەرگیز بە مامۆستام نەوت ئەوە بوو کە ببمە ئەندازیاری خەیاڵە جوانەکان و بتوانم بە خەیاڵ دونیا جوان بکەم بتوانم لەجێگای ئەم زەویە بەو خەیاڵەی خۆم نەخشەی زەویەک بکێشم پڕ پڕی بکەم لە مرۆڤی جوان لەو مرۆڤانەی کە ئەگەر بەسەر شەقامێکا ڕێبکەن پڕی دەکەن لە جوانی لە میهرەبانی و لێوان لێو لە ناز، لەگەڵ گەورە بوون ئەوە من نە بەنازی

ماڵی خۆمان بووم نە جوانکیلەکەی دایە و بابە و نە خوشکە نازدارەکەی براکەشم بووم، هەموو شت گۆڕا کە تەمەنم گەیشتە ١٤ ساڵی، هەر لەوکاتەی کە من لە جاران زیاتر پێویستم بە نازکێشان بوو موشتاقی ماچێک بووم کە لەلایەن دایک و باوکمەوە بێت، ئەوەی کە هەرگیز نەبوو.

ڕۆژێک لە ژوورەکەمدا یاریم بەو بوکە شوشەیەم دەکرد کە چەند ساڵێک بوو هەم بوو، قژی زۆر ئاڵۆسکابوو بۆم شانە دەکردو گۆرانیم بۆ دەوت، دایکم بە دەنگێکی بەرز بانگی کردم کچم ڕاز وەرە تا ئێرە، بە پەلە چووم کە بینیم ژنێک بە عەبایەکی ڕەشەوە لە ژووری میوان دانیشتوە.

_ ڕاز:پوریێ بە خێربێیت، فەرموو دایکە گیان ئیشت پێم بوو؟

_ دایکم:- ئائا کچم ئاو بێنە.

ــ ڕاز: بەڵێ باش دایکە گیان.

ئاوەکەم بۆ بردوو بە پەلە ڕام کردەوە ژوورەکەی خۆم هەتا پرچی بوکەڵەکەم وشک نەبێتەوەو بۆی دابێنم وە گۆرانییەکەشی بۆ تەواو بکەم.

چەند ڕۆژێک تێپەڕی بەسەر ئەو ڕۆژەی کە ژنە عەبا ڕەشەکە هاتبوو بە میوانیمان، نە دەم ناسی نە پرسیاریشم لە دایکم کرد کە ئەو کەسە کێبوو کە هاتبوو، کە جووتێ برۆی تاتۆی کوتابوو خاڵێک لە نێوانی برۆکانی بوو کە وەک گەڵای دار پرتەقاڵەکەمان سەوز بوو، گوێم لێبوو لە دەرگا دەدرا، بەخێرایی چووم دەرگا بکەمەوە، دووبارە بینیم هەمان ئەو ژنەیە کە پێشتر هاتبوو بۆ ماڵمان.

ــ راز: فەرموو پورێ دایکیشم لە ماڵە فەرموو.

ــژنە عەبا ڕەشەکە:ئەی ئافەرین کچە جوانەکە من بووکێ جوانم هەیە ماشاءالله.!

پێکەنینێــک لە نــاخی دڵــمەوەو دڵ خۆشــیەک لە ئەنـدازەی پاکیمـداو لە دڵـی خـۆم دا وتـم تـۆبڵێی ئەم ژنەش وەک من یاری بە بووک بکا من لە بووکەکەی ئەو بچم؟!

دووبارە دایکم بانگی کردمەوە کچم هەندێ شەربەت بێنە.

شەربەتم هێنا لەڕێگا بووم بۆ ژووری میوان گوێم لێبــوو دایکــم و ئەو ژنەی کە هــاتبوو بە میوانمــان قســەیان دەکـرد و دایکـم وتـی ئـێمە ڕازیـن یـاخوا پیرۆزتـان بێـت، ڕازی کچیشـم وەختـی شـوویەتی و دەبێ شـووبکات! هەرکاتێ ویسـتان وەرنە پێشـەوە بە خێر بێن!

مـن لەپـێش هەمـوو ئەوانەی گوێبیسـتی بـووم بیـرم کـردەوە تـۆ بڵێـی مـن گەورە بـووبم یـانی مـن هێنـدە گەورەم لە دڵی دایک و باوکم جێگام نابێتەوە، تۆ بڵێی

گاڵتە نەکەن!؟ شوو ئاخر من لە شووکردن نازانم، ئەی چۆن وەک دایکم منداڵ بەخێوبکەم، ئەی کێ منداڵمان دەداتێ تا بەخێوی بکەم؟

ئەو شەربەتەم برد کە ئەو پەرداخانە بەسترابوو بە ژیانی منەوەو ئەو شەربەتەی ناوی وەکو دڵم دەلەرزی بەدەستمەوە!

بەپەلە چوومەوە ژوورەکەی خۆم بووکە شووشەکەم گرتە باوەش و تێر تێر پڕ بەو دڵە بچوکەو پاکەی خۆم گریام گریانێک نەم دەزانی بۆ ئەوەیە کە گوێم لێی بووە یان بۆ ئەوەیە دەبێت بووکەکەم جێبێڵم و خۆم ببم بە بووک! دوای چەند ڕۆژێک بەردەم ماڵە بچوک و کۆنەکەی ئێمە پڕ بوو لە ئۆتۆمۆبێلی زۆر گەورە و تازە، کە هەرگیز من ئەو ئۆتۆمۆبێلانەم نەدیوە سەردانمان بکەن، ئێمە پەیوەندیمان نەبووە لەگەڵ مرۆڤە دەوڵەمەندەکان

هــاتبوون بــۆ ئەوەی داوای مــن بــکەن لە ماڵەوەمــان، بەڵام هێندەی نەدەویست کە ئەوەندە خەڵک بێن هەر بە کورتە نامەیەک ماڵەوەمان ڕازی دەبوون، چونکە ئێمە هەژار بوین و ئەوان دەوڵەمەند. هاتبوون هەتا قسە لەسەر فرۆشتنی من بکرێ و ڕێک بکەون لەسەر ژیانی من، ئەو شەوە ڕۆیی و ڕۆژ بۆوە، سات بەسات ژیانم قورستر و ترسناکتر دەبوو، دوای چەند ڕۆژێک ژنگەلێکی زۆر لە ماڵی ئێمە کۆبوونەوە و هەموویان خۆیان گۆڕیی بوو، کچێکم بینی کە تەمەنی نزیکبوو لە خۆمەوە عەزیەکی سپی لەبەر بوو بانگم کرد وەرە یاری بکەین؟ هات چووینە  ژورەکەی خۆم، ئەویش بوکەڵەکەی منی زۆر پێ جوان بوو کە یاریمان دەکرد و هەردووکمــان خوشــکی بــوکەڵەکە بــووین، لەناکــاو دایکم بە هەڵەداوان هاتە ژوورەوە!

_ دایکم:- کچم ڕاز ئەوە چی دەکەی دەی عەیبە با وا نەوبینن تۆ یاری بە بوکەڵە دەکەی، خۆت ئامادە بکە.

_ ڕاز: بۆچی خۆم ئامادەکەم دایکە گیان؟ هەر پانتۆڵو بلوسە پەمەیەکە لەبەر بکەم؟

_دایکم: چی خۆ ناچیت بۆ بازاڕ کچم ئاهەنگی تۆیە عەزی لەبەر بکە یان جلە کوردیەکان.

- ڕاز:بەڵام دایکە من نازانم چی بکەم تۆ مەڕۆ لە لای من بە.

_دایکم:کچم عەیبە دەبێت بچم بۆ لای میوانەکان و ئێستا دوو کچ ئەنێرم بتگۆڕن و جوانت کەن.

ئیتر من زانیم کە هیچ جوانییەک لە مندا نییە لە بەر چاوی دایکم چیتر ئەو بەمن نالێ نازداری قازی بانی ئەو تەواو بەمنی وت با جوانت کەن، ئەی من ناشرینم

یان لەبەر چاوی دایکم ئەم ڕوخسارەم شایستە نییە بۆ ئەو ئاهەنگە؟

دوو کچ کە لەمن گەرەتر بوون هاتنە ژورەوە بە دەم قاقای پێکەنین و لێوە سورەکانیانەوە هاتن و بە هێواشی یەکێکیان وتی ناشزانێ خۆی بگۆڕێ ئەڵێ شوو ئەکەم!

منێک کە دەمەوێ لەباوەشی باوک و دایکم بنووم کوا دەمەوێ لە دایکم و باوکم دووربم، من هەرگیز نەم وتوە شوو دەکەم تەنیا دەمەوێ دایکی بووکەکەم بم یان ئەو خوشکم بێ، هەتا ئەوپەڕی دەنگی پێکەنینەکەم دڵ خۆشبم.

گۆڕیانم وەک بوکەڵەکەم کە وەک چۆن من دەم گۆڕی! کچێک لە کچەکان بە ئەسپای بەوەی تری وت هەندێک پارچە قوماشی بۆ دانێ با سنگی دیار بێت ئاوا جوان نییە!

مەبەستیان لە سنگی من بوو کە بڕیار بوو من گەورە دەر بکەوم و ئامادە بوان بڵێن تەواو سنگی گەورە بووە و منداڵ نییە من ئێستا دەزانم کە چۆن وەک بوکەڵە یاریم پێکراو بەحەزی ئەوان و بۆ چاو بەستنی ئامادە بوان سنگی من بە پارچە قوماشەکان گەورە کرا!! جوانیان کردم و ڕازاندیانمەوە بەجۆرێک جوان کرابووم، دڵم زۆر خۆش بوو بەو جوانییەی خۆم دەمویست خۆم پیشان باوکم بدەم و بمبینێ و پێی بڵێم بابە بیبینە چەند جوانم بەڵام باوکم لە ماڵ نییە نازانم چووە بۆ کوێ براکەشم لێرە نییە هەمووی ژنە ماڵەکەمان ئەو دوو پیاوەی لێنییە، کە ڕۆژانێک بوو بۆ پۆشینی هەر پۆشاکێ هێندەی گەردوون بە باڵام و جوانیمدا هەڵیان دەداو دونیایەک وشەی میهرەبانانە لە دەمیان دەترازا، بەڵام کەسیان لێرە نین نە باوکم نە براکەم!! لە ناکاو پیاوێک هاتە ژوورەوە

که قـــات و ڕیبـــاتێکی لەبەر بـــوو دایکـــم ڕایکـــرد بە دەمـيەوەو بەخێر هـاتنی کـرد، ژنەکـانی تـریش چـوون بۆلای و یەکێک له ژنەکان که کراسێکی سوری لەبەر بوو وتـی بـا ڕەسمەکان بگرین، منیـان هێنـایه لای ئەو پیاوەو دەستی گرتم!

من به ڕادەیەک ترسام گیانم وەک دڵـم سـارد سـارد ببۆوە، باشه ئەم پیاوه کێیه ئەی بۆ دایکم هـیچ نـاڵێ و پێدەکەنێ؟! هێدی هێدی بۆم ڕوون بۆوه که بڕیاره من لەگەڵ ئەو پیاوه ژیان دروست بکەم و شوو بکەم بەو پیـــاوەو هەر ئەو پیاوەشـــه که بـــوکەڵەکەم لێـــدوور دەخـاتەوە، ئەوکـات مـن چـوارده سـاڵ بـووم ئەویـش سی ساڵ، جیاوازی ساڵەکانمان شـانزه سـاڵ بـوو! که ئێسـتا بەراوردی دەکەم که تەنیـا نـۆ سـاڵ له بـاوکم منداڵتر بووه ئەو پیاوه! وه هەشت ساڵ له دایکم! باشه دەبێت وەک باوکم ئاگای لێم بێت، دەبێت وەک بـاوکم

ناز کێشم بێت، دەبێت وەک باوکم دوای منی لێزیادە بێ دەبێت ئەویش بمفرۆشێت بە کەسێکی دەوڵەمەند تر؟!

ئەو شەوە شوم و نالەبارە تێپەڕی هەر سبەی زوو دایکمم بە ئاگا هێناو لە خەوم کرد بە هەنسکی قوڵی ناو گەرووم پێموت دایکە گیان من نارۆم لێرە و لێرە دەبم من نە دەمەوێ شوو بکەم نە دەشمەوێ تۆ بە جێ بێڵم.

_ دایکم: کچم نابێت تۆ دەبێت شوو بکەی سوپاس بۆ خوا ئەو ماڵە لە ئێمە باشترن و ئەوان دەتوانن ئەوەی دەتەوێ بۆت دەستە بەر بکەن، ئەوان دەبنە ماڵی دووەمی تۆ و دایک و باوکی دووەمی تۆ.

گریان و پاڕانەوەی من لەدایکم بێ سوود بوو, هەروەک هەمیشە دایکم خستمیە ناو باوەشی خۆی تا ئارام ببمەوە هەستم دەکرد ڕۆح و گیان دێتەوە بە

بەرمدا  کە دڵم لەسەر دڵی دایکمە، ئارام بومەوە ئارام بـــونەوەیەکی ناچـــاری تەواو ئـــارام بـــونەوەیەکی بێدەسەڵات دارانە. ڕۆژەکان هاتن و ڕۆشتن یەک یەک لەو ڕۆژانە دەبـوونە پـارچە قورسـایەک و دەکەوتـنە ســەر جەســتە و دڵــی مــن، ئەو پیــاوەی منیــان بە شــووداوە پێــی، ڕۆژێــک هــات بــۆ ماڵمــان لەدوای بەخێرهـاتنی، بە دایکمـی وت ئەمەوێ مـن و ڕاز بچینە دەرەوەو پیاســـەیەک بکەیـــن، دایکـــم ڕازی بـــوو! هەرچەندە بە دایکم وت نامەوێ لەگەڵ ئەو پیاوە بچمە دەرەوە گـوێی لێنەگرتمـو وتـی ئەوە حەڵاڵـی خـۆتە بـۆ نـــاڕۆی، زوو بـــکە چـــاوەڕوانە لە دەرەوە. چـــوینە دەرەوەو بـردمیە چێشـت خـانەیەک و نانمـان خـوارد لەدوای ئەوە  لەنـاو ئۆتۆمـۆبێلەکەدا  هەر دەیـوت بـۆ قسە ناکەی نازدار گیان، بە بێ ئەوەی یەک وشـە بڵێم ئەو هەر ئەم قسـەیەی دووبـارە دەکـردەوە، گەیشـتینە

شـوێنێک کە زۆر نـامۆ  بـوو هەرگیـز نەم بینـی بـوو! چـۆڵ تەواو خـاڵی لە مـرۆڤ لە هەمـوو لایەکـی ئەو شوێنە بۆنی مرۆڤت نەدەکرد زۆر دەترسـام! لە ناکاو دەسـتیدا لە سـنگم و نزیکـی کـردمەوە لە خـۆیەوە هێنـدەی دڵ تونـدی خـۆم گریـام و هـاوارم کـرد، هـیچ گوێی پێنەدام و ئەوەی ویستی کردی، کە من ئێستاش نـازانم چیکرد! ڕۆحـم ڕۆشـتبوو لە جەسـتەم تەنیا ئەو لاشەیەم مـابوو لە بەردەست ئەوپیاوەدا کە بە موڵکی خۆی دەزانـی و  کاڵایەکی باشـی دەزانـی کە کڕیبێتـی! بەڵام من لە هۆشی خۆم چووبووم و هێدی هێدی بە ئاگـا دەهـاتمەوە بەو زلانەی دایکـم لە ڕومەت و سـەر گۆنـامی دەدا! کە هـاتمەوە سـەر خـۆم و بینـیم لە ماڵەوەم دایکـم دەگـری! پرسـیم دایـکە گیـان مـن چـۆن هاتمەوە ماڵەوە؟

دایکم لە گریان بەردەوام بوو، دایکە دایکە چی بوە؟ لەگەڵ گریانی دایکما منیش دەگریام چی ڕووی داوە پێم بڵێ؟

_دایکم: کچم هیچ نییە دڵم توندە و دەگریم کەمێک وازم لێبێنەو هێندە پرسیار مەکە کچم.

ئیتر کۆڵم لەو داو دەمویست بزانم من لە کوێ بووم و چۆنیش گەڕاومەتە ماڵەوە و یادەوەریم بگەڕێتەوە بۆم، هەرچیم کرد ئەو کاتە نەم دەتوانی بزانم چی بووەو لەدوای ئەوەی کە دەگریام لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا و بەئاگا هاتنەوەم بە دەستەکانی دایکم.

من ئێستا دەزانم کە ئەو پیاوە ئەوەی حەزی کردووە دڵی خواستویێتی لەگەڵ مندا کردویەتی و زۆر بێ ویژدانانە حەزی نێرینەیی خۆی بەتاڵ کردۆتەوە لەگەڵم، ڕاستە وەک دەوترێ من حەلاڵی ئەو بووم، بەڵام ئەوە ڕوخاندنی ناخی کچێکە کە تەمەن چواردە

ساڵە، ژوانی دەستگیرانی لە لوتکەی عیشقدا بۆ من جێگای شکاندنی کەرامەت و شکۆم بوو. باوکم گەڕایەوە بۆ ماڵەوە گوێم لێبوو لەگەڵ دایکم شەڕیان دەکرد! بۆ یەکەم جار لە تەمەنم دا شەڕ ببینم لە نێوانی ئەو دوو عیشقەی وەکو پەڕەی وەریوی باڵی باڵندە سەمایان بۆ یەک دەکرد، کەوا ئێستا شەڕ دەکەن. من دەزانم لەسەر من و ئەو کێشەیە بوو کە ئازار درابووم، کە دایکم ئەوکات منی بینیبوو درکی کردبوو کە شتێک بووەو گریانەکەشی بۆ ئەوە بوو!

بەڵام وەڵامی باوکم تەنیا ئەوە بوو وتی حەڵاڵی خۆیەتی! لەدوای چەند ڕۆژێک هەواڵ هات کە گوایە ئاهەنگێ ساز دەکرێ بەبۆنەی ئەوەی من لەو ماڵە کۆن و بچکۆلانەیە دەچمە ناو ئەو کۆشک و تەلارانەی ماڵی ئەو پیاوە. ئاهەنگ کۆتایی هات و منیش بە گریانێکی منداڵانە بۆدایکم دەگریام، من وەک ئەو

کیژانەی دیکە فرمێسکەکانم فرمێسکی خۆشی نەبوون، مـن بـۆ دایکـم و بوکەشوشـەکەم دەگریـام بەڵام هـیچ کەسێک نە لە مـن و نە لەو گریانەی مـن حـاڵی نەبوو کە گریانێکی منداڵانە و فریشتانە بوو. یەکەم چرکە کە قاچە بچوکەکانم خستە ناو ئەو ماڵە هەتا ئەو ساتەی هـاتمە دەرەوە یەک سـۆز و جـوانی و مهیرەبـانیم نەبینی، منێک کە فرۆشراوم چۆن دەبێت ئاسوودە بـم نا هەرگیز ئاوا مامەڵەم لەگەڵ نەکرا!

ئێـوارەیەک ئەو پیـاوەی کە هەر گیـز بە هاوسـەری خۆمم نەدەزانـی وەک مـرۆڤ مـامەڵەی لەگەڵ نەکـردم، بە توڕەیی و دوو چاوی سوور هاتە ژورەوە هەتا هێز لە دەسـت و گیـانی هەبـوو لێـی دام! نەم دەزانـی بـۆ هۆکارەکەی چیە و لەپای چی تاوانێک ئـازار دەدرێـم! هەوڵـمـدا لەژێـر دەسـت و بـازووی بەهێـزی ئەو خـۆم دەرباز کرد و خۆم گەیاندە سەر شەقامێک نزیک ئەو

مـاڵەی ژیـانم تێدا بەسـەر دەبرد، بە تەکسـیەک  خـۆم گەیاندە ماڵی باوکم.

ئـازای گیـانم شـوێنی لێدان و خـوێن بـوو نە بـاوکم هەڵوێسـتی نوانـد نە بـراکەم! ئەوان بەر چاوانیـان بە کاغەزێـک داپۆشـرابوو کە ژمـارەی لەسـەرەو پێـی دەوترێت دراو! حاڵ و باسی خۆمم بۆ باسکردن و بە بـاوکمم وت نـامەوێ بچمەوە ئەو مـاڵە تکـایە بـابە من ئەمەوێ لای تۆبم، تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو، بەڵام هیچ جوانییەکم نەمـابوو لە چـاوانی ماڵەوەماندا و منیـان بە کەسێکی بێ شەرم و بێ حەیا دەهاتە بەر چاو! براکەم وەک بۆمبێک تەقیەوە و هاواری کرد ئەیکوژم! من وام هەست کرد شـەرمی خوشک و برایەتـی گرتویەتی و تـوڕەی خـۆی بەسـەر ئەو پیـاوەدا دەڕێـژێ و داوای مافی خوشکە بچوکەکەی  دەکا، بەڵام نا، نانا، وا قەرار بوو ئەو وشەیە بۆ ئەو پیاوە بێت بەڵام من هەڵە بووم

بۆ خوشکە نازدارەکەی بوو، کە دەویست من بکوژێ! بۆ ئەم کوژن لەبەر ئەوەی چنگێ پارەی زیاتر وەرگرن و دڵی نێرە دەوڵەمەندەکەتان لێ نەڕەنجێ!

من بە کچێتی دروست بووم بۆ ئازار دروست کرام و بۆ ئازار بە شوو درام و بۆ ڕۆح کێشان میوانداری کرام! لەلایەن براو باوکمەوە، دایکم هەرچۆنێک بێت لەژێر دەستی نەجاتی دام و ئەو کات نەیهێشت ڕۆحی شیرین و پاک و بێگەردم لە لاشەم دەربهێنێت فریشتە ئاسا هات بەدەم کچە چارە ڕەشەکەیەوە، بەزۆر منیان خستەوە ژێر دەستی ئەو پیاوەو لێم گەڕان کە ئیتر ئەم جەستە کە ڕۆحێکی هەیە چی بەسەر دێت گرنگ نییە، منیش وەک کچانی دونیا، ژیانم دەوێ خۆ جەستەی منیش وەک جەستەی ساردی ئێوە ڕۆح لەبەری کردووە منیش دەمەوێ خۆش ژیان بکەم ژیانم دروست کردەوەو هێدی هێدی لەگەڵ لێدان و

سزاو ئەشکەنجەی ئەو نێرینەیەدا ڕادەهاتم. کە لە پاک و بێ تاوانی خۆم ئاوام بەرامبەر دەکرا! هەر وا دەبێت کالآیەک نرخی کەم بێ کڕیار بە چاوی سوکەوە لێی دەڕوانێ.

من باجی چاوچنۆکی ماڵەوەمان دەدەم، نە دەیهێشت دایکم سەردانم بکات نە سەر دانی ئەو دایکە بکەم کە لە ڕۆحی ئەو هاتومەتە بوون، چەند جارێک دایکم هاتە بەر ئەو دەروازە نەفرەتیە نەی دەهێشت دەرگای لێبکەمەوە! خودا من دەبێ دەست بەرداری چی ببم بۆ ئەوەی ئەم ئازارە کەم بکەی لە ژیانم؟ ماندووم بەو تەمەنە منداڵیەوە ژیان تەسک بۆتەوە لەبەر چاوانم ژیان تەنیا ئەم ژوورەیە کە منی تێدامو بە چوار دیواری پۆلآین دەورە دراوە. من بڕیار بوو ژیانێک دروست بکەم کە پڕی بکەم لە مرۆڤی جوان، خۆم نەخشەی شەقام و ماڵ و تەنانەت هێلانەی

باڵندەکانیشی بۆ بنەخشێنم، وا بەنیاز بووم کە هەموو کچانی ئەو جیهانەی دروست کراوی دەستی منە هەموو یەکێک شازادە بێت و پیاوەکانی ئەو جیهانە ناز کێشی مێینەکانی بن، بە پێچەوانەی ئەم گەردوونە لە هەموو سوچی شەقام و بنمیچی ماڵێکدا سۆز وەک فرمێسکی چاوان قەتیس ببێ تیایاندا هەموو جوانییەکانی خەیاڵی من بوونە خەیاڵێکی ئەستەم کە ئەم کچە وەک گەردەلوول بە خۆیەوە ڕاپێچ دەکا بۆ دۆزەخێک، سەبارەت بە مافی ئافرەتان زۆرێک زانیاریم دەست کەوت منێک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئازارەکانم بەرەو هەڵدێر بوو، ناچار بووم پەنا ببەمە بەر پەنا هەندەیەک بۆ ئەوەی ڕۆحی ئازیزم و خۆشەویست لەلام پارێزراو بێت، چیتر چوار چێوەی ماڵە بچوکەکەی جاران شوێنێک نییە بۆ ناز کێشانم بۆ گوێگرتن لە وشە و ڕاز و نیازەکانم، چیتر ئەویَ ئەو

شـــوێنە نیـــیە کە مـــن نـــاز بـــکەم بەســـەر هیچکـــام لەو مرۆڤانەدا کە لەناو دیوارەکانی ئەوماڵەدا دەژین، دایکم و باوکم و براکەم، ئەوێ بۆتە مەنزڵگەی ڕۆح کێشـانی من ئەگەر دووبـارە بچمەوە دەترسـم زۆر دەترسـم کە ڕۆح لەو جەســتە بێهێــزەم جیــا بکــرێتەوەو چیتــر ئەو فریشــتەیەی نــاوی نــراوە دایــک نەتــوانێ پــێ ڕابگــاو قوتــارم کــات!. بــۆیە نــاچمە ئەوێ هەرگیــز دەمەوێــت بچمە مافی ئافرەتان و لەوێ بژیم هەتا هیندە پیر دەبـم و دەچەمێمەوە کە توانای شـانەکردنی پـرچم نەمێنـێ و چاوەکـــانم بە ئەســـتەم مرۆڤەکـــان جیـــا بـــکەنەوە و یادەوەریم ئەو مرۆڤانە لەیاد دەکاتو هەرگیز شێوەیانم بەبیـر نەیەتەوە، لەدوا لێدان و ئەشـکەنجەدانم هەڵهـاتم وەک شـێت بە کراسـێکەوە چـوومە سـەر شـەقامەکە و بینیم قاچەکانم بەبێ پێڵاو بە شـوێنمدا ڕایـان کـردووە تەکســـیەکم ڕاگـــرت پـــێم وت دەمەوێ بچـــم بـــۆ مـــافی

ئافرەتـان  تکـایە بمـگەیەنە، لە ڕێگـا بینیم شـۆفێرەکە لە ئاوێنەی ئۆتۆمبێلەکەوە سەیرم دەکا، لە پڕ پرسـی دادە پرســـیارێک بـــکەم؟ بەبـــێ ئەوەی وەڵام بـــدەمەوەو ڕوخســەتی پێبدەم، پرسـیارەکەی کـرد، لەبەر خـۆمەوە ئەموت باشـە نێرینەکانی ئەم مەملەکەتە ئـاوا گـوێ بـۆ وەڵام و هــیچ وشــەیەکی مێینەکــان نــادەن؟ یــان مــن بەختم ئاوایەو پیاو گەلێکی ئـاوا ڕوو بەڕووم دەبنەوە! پرسی دادە بۆچی دەچیت بۆ ئەو شـوێنە، من پێم باشـە نەڕۆی ئەگەر لە باوک یان بـرا کەت تـوڕە بوویت ئەوا بگەڕێرەوە ئەوان هەرچیەک بن ئەوان باشترن بۆ تۆ و زۆر لە هەموو شـوێنەکانی تر خۆشیان دەوێیت.

ـ ڕاز:ســوپاس بــراکەم تکــایە تەنیــا بمــگەیەنە بەو شوێنە، لە دڵی خۆمدا ئەموت  ئێ تۆ لە کوێ دەزانیت ئەو شـوێنەی تـۆ دەڵێیت خۆشـیان دەوێیت، وا بڕیـارە ڕۆحـم بکێشـن لەناویدا! گەیشـتمە بەردەم ئەو شـوێنەو

دابەزیم، لێم دەڕوانی دەنگێک لە ئاسمانەوە پێی دەوتم مەڕۆ ڕاز مەڕۆ تۆ ناتوانی بڕۆی، هەنگاوەکانم بە پێچەوانەوە دەناو دەگەڕامەوەو نەم دەوێرا بڕۆم. هەتا نزیکەی نیو کاتژمێر وەستام و ڕامام لە هەموو ئەو شوێنە و خەیاڵم دەکرد ئایا دەبێت ئەم جێگایەماڵی من بێت ئایا ئەم جێگایە دەتوانێ ژیانی تاڵی من بپارێزێت؟

ئێ ئەگەر ئێرە بۆ منیش نەبێ ئەی کوێ هەیە جێگای من بێت کوێ لە چی سوچێکی ئەم دوونیایەدا جێگایەک هەیە بۆ مانەوەی قاچەکانی من و ئارام بوونەوەی ئەو دڵەم کە تەنیا لە بەدبەختی من ترپەکانی بەردەوامە. دەچم ناچارم هیچ شوێنێک نییە بچم! کەسێک هات بۆلام و بەخێر هاتنێکی گەرمی کردم چووینە ژورێک کە مێزێک و کورسیەک دانرابوو، لێی پرسیم بەڕێزت کێشەت چیە هەموو

باسـەکەم بە ڕاسـت گۆیـانە بـۆ گێـڕایەوە هـاتە لام و دەستێکی کردە سـەر شـانم و سـەرینام بـا سنگییەوەو وتـی ئاسـودە بە لێـرە کەس نـاتوانێ دەسـتت لێبـدا تـۆ لێرە ژیانت پارێزراوە و مەترسـە، داوای ناسنامەی لـێ کـردم، پێم وت کە نەمهێنـاوەو کـاتی ئەوەم نەبـووە، وا دیـار بـوو کێشـە نەبـوو تەنیـا وتـی نـاوت چییە نـاوی سیانیت؟

نـاوی خـۆمم پێـوت و نـاوەکەمی لەسـەر دەفتەرێکـی گەورە نوسـی کە کـۆمەڵە نـاوێکی زۆر تۆمـار کرابـوو لەسـەری وتـی وەرە لەگەڵـم، بـردمیە ژورێـک کە سـێ کەسی لێبوو دوانیان ژن بوون یەک دانەی کچ بوو.

لەوێ جێگـاکەمی پیشـاندام ئەو ڕۆی. هەر زوو ئەو ئافرەتانەی کە لەو ژوورەدا بوون لێیان پرسیم چارەی تۆش وەک چارەی ئێمە ڕەشـە؟

پرسیم چارەی ئێوە بۆچی ڕەشـە؟

یەک یەک چیرۆکی خۆیان بۆ گێڕامەوە و منیش بەهەمان شێوە کە پێم وتن ئەو پیاوەی شووم پێکردووە ئازاری داوم و هەڵهاتوم. بەبێ ئەوەی بۆ ئەوانی باس بکەم کە من فرۆشراوم کە ژیانی منیان وێران کردوە!

لەوێ ڕۆژەکان دەچووە سەر تەمەنم، لە زیندانێک کە ناونرابوو جێگای ئازادی! زۆر نامۆ بووم بیری دایکمم دەکرد بیری هەموو خواردنەکانی دەستی دایکمم دەکرد و شەوانە هەتا دەنوستم گۆرانیم بۆ منداڵیم دەوت بۆیە نەڕەنجێ و نەزانێت کە کەوتومەتە ئەم کوچەی زیندانەوە، چوار مانگ تێپەڕ بوو بەسەر یەکەم شەومدا کە هاتمە ئێرە، کچێک هاتە ژورەکەمان کە پێم وابوو لەوێ کاری دەکرد، پرسی ڕاز کامتانە؟ بەڵێ منم، وتی وەرە لەگەڵم، کە ڕۆشتم بانگی کردمە ژورێک و زۆرێک لە و قسانەی بۆ دەکردم کە ئارام

بەخشن بۆ مرۆڤ هێدی هێدی وتی مرۆڤ بە تایبەت ئافرەت پێویستی بە وەیە کە ئازادانە بژی وەک پیاوەکانی ئەم کۆمەڵگایە حەزی هەبێ و ئارەزوی خۆشی خۆی بکات، چۆن پیاوان حەزیان بە چێژی شەوێکە لە باوەشێک دڵیان دەیخوازێت مێینەکانیش بەهەمان شێوەن و دەبێت حەزی خۆمان بەتاڵ بکەینەوەو ئەوەی کە ڕەوایە بۆ مرۆڤ و خودا پێی بەخشیوین بتوانین بەکاری بێنین پرسیم تێناگەم مەبەستت چیە دەتوانی باشتر تێم بگەیەنی؟

وتی باشە کەسێک تۆی بەدڵەو تۆی بینیوە کە ئەو پێی وایە فریشتەی خەونەکانی کەوتۆتە بەرچاو دەیەوێت لەگەڵیدا پەیوەندیت هەبێت وەک هەموو نێر و مێیەکی ئەم جیهانە لەژوان و لە پەیوەندیابن، کەسێکی دەوڵەمەند و ناسراوە و دەست ڕۆشتووە ئەوەی تۆ

بتەوێ بۆت ئەهێنێتە بەر دەستت، تەنیا شەوێک حەزی خۆت و ئەویش بهێنە دی.

ــڕاز:- من حەزم نییە هەتا بیهێنمە دی هەر ئاوات و ئارەزوویەکم هەبوو بێت لە دەستم چووە ئێستاش هیچ حەزێکم نییە.

وتی ئەو پارەیەکی باشت دەداتێ ئەگەر بەدڵی ئەو بکەی مادەم تۆ ئەوە دەکەی بۆ ئەوەی دڵی ئەو نەشکێ ئەوا من پێم وایە دوو هێندەت دەداتێ، من پێم وتوە  کە ڕاز کچێکی تایبەتە لەناو ئێمەدا و ناسک و جوان و خوێن گەرمە ڕازی ببە هەموو کچ و ژنانی ئەم شوێنەی تۆ ئەیبینیت ئاواتیانە داوایەکی ئاوایان لێبکرێ.

ــڕاز: من نامەوێ بمبورە من کە هاتومەتە ئێرە نە دەمەوێ پارە پەیدا بکەم نە بڕیارە ببمە لەش فرۆش!

وتی باشە تورە مەبە منیش پێی دەڵێم کە نایەوێ و بەدەست هێنانی حەزی ئەو شتی گەورەتری دەوێ.

بەبێ ئەوەی وەڵام بدەمەوە هاتمە دەرەوە لەو ژوورە و بە هەنسک و گریانی ناو گەروم خۆم گەیاندە ژوورەکەم.

لێیان پرسی چی بووە؟ ڕاز چیبووە خوشکەکەم؟

بۆم باسکردن بە هاتنە خوارەوەی فرمێسکەکانم وشەکانیش دەهاتنە دەر لە زارم، هەستم کرد کە ئەوان مات بوون و تا ڕادەیەک لایان ئاساییە و ڕاهاتوون لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا.!!

یەکێک لە کچەکان کە ناوی ( س......) بوو وتی هەموو سەرەتایەک نرخی گرانەو جوانترینی ئێرە ئەو کەسەیە کەسەرەتایەو هەمان قسەش بۆ تۆ کراوە؟ تاسام لەوەی کە بەهیچ شێوەیەک من ئەو قسانەم بۆ باس نەکردوون و چۆن دەزانن کە ئەوەم پێ وتراوە!!

ــڕاز:- بەڵێ پێیان وتم تۆ چۆنت زانی؟

ــس:- بەمنیشیان وت هەتا چووم ئەوکاتە هەموو شتێک لە بەردەستم بوو بەڵام لەگەڵ تەوابوونی ئەو پیاوەو پیاوەکانی تر وەکو کالایەکی بێکەڵک ڕەوانە کرامەوە، لەوێ بڕە پارەیەکم وەر گرت کە گەڕامەوە بۆ ئێرە هەندێکیان لێ وەر گرتم لە پای ئەوەی کە گوایە ئەوان منیان گەیاندووە بەو دەسکەوتە، کام دەست کەوت کە قێزم لە خۆم دەهاتەوە بەهۆیەوە. ئیتر نرخەکە کەمی کردوو ناچار بووم بچم ئیتر من شاجوانی ئێرە نەمام و تەنیا داوا دەکرام و ئامادە دەبووم بەبێ ئەوەی بە شان و باڵمدا هەڵبدەن و بمکەنە شاجوانی ئێرە تەنیا ئەمر بوو کە نە دەبوو ڕەت کرێتەوە!

بەڵام به داخەوه که دەبێت بچی به حەزی خۆت بێت یان نا هەر دەبێت بچی دڵنیابه ڕاز خوشکم ئەوانه ڕاستیه تاڵەکانن که بۆ تۆم درکاند.!!

ــڕاز: من دەمەوێ لێره بڕۆم و هەرگیز نامەوێ ببمه ئامانجی نێرێک و ببمه هۆی بەتاڵ کردنەوەی حەزی نێرێکی جەسته کڕ.

چەند ڕۆژێک تێپەڕ بوو بەسەر ئەو باسەدا و من لەهەوڵی ئەوەدا بووم که هەڵبێم و هەر کاتێک که دەمویست بچمه دەرەوه ڕێگریان لێدەکردم و به بیانووی ئەوەی ژیانم له مەترسی دایه ڕێگر بوون له ڕۆیشتنم لەو شوێنه و هەرگیز نەیان دەهێشت بڕۆم، ژیانی من پارێزراو نییه له دەرەوەی ئێره، گەر چی لێره ژیانم پارێزراوه بەڵام نه کچێنیم پارێزراوه نه وەک کەسێکی مێینه شەرەف و کەرامەت و شەخسیات و کەسایەتیم پارێزراوه له دەستی نێرینه کڕیارەکان!

کچ بوون لەم مەملەکەتەدا واتا کالآیەک کە زۆرینە دەیکڕن هەشیانە دەیفرۆشن وەک ماڵەوەمان، من سەرەتا فرۆشرام و دواتر کڕدرام و دواتر فڕێدرام و دواتر کڕدرامەوە و ئێستا وا بڕیارە بفرۆشرێم!.

من دڵنیام من بەتەنیا نیم و زۆرێک ژیانیان ئاوایە، چی لەوانەی ئەم شوێنە نەفرەتیە و لە دەرەوەی ئێرە، هەندێک هەن لەناوبراون، هەندێک زیندانن لەو بارودۆخەدان. شەوێکی تەواو تاریکو خامۆش بوو، دەنگی هیچ شتێک نەدەهات، من ڕقم لەو شەوانەیە و زۆر لێیان دەترسم، لەسەر تەختەی خەوەکەم ڕاکشابووم و یادی منداڵی و ڕۆژە خۆشەکان لێم ئالآبوون، لەپڕ دەرگای ژوورەکەم کرایەوە! هەمان ئەو ئافرەتە بوو کە جاری پێشووتر هات، سەیرە لەم کۆمەڵگایەدا هێندەی ئافرەتەکان بەدەستی ئافرەتانی تر دەبنە قوربانی هێندە بەدەستی پیاوان نابن! سەیرە ئەو

ئافرەتـــانە هەســـت بە ئـــافرەت بـــوون نـــاکەن لەم جوگرافیایەدا کە چەندە سەختە چەندە پڕ ئازارە؟!

وتی راز وەرە کارم پێتە.

ڕۆشـــتم لەگەڵـــی و هەمـــوو ئەو قســـانەی جـــاری پێشـووتری دووبـارە کـردەوە و وتـی ڕێـک کەوتـووین کە هەنـدێک شـت لە سـودی تـۆ و بەدڵـی تـۆ بێـت، کە تەنیـا یەک جـار ئەم کـارە بـکەو دووبـارە نـابێتەوە هەرگیز کەسیش بێزارت ناکا، لەدوای ئەوەش دەتوانی لێرە بڕۆی دەتوانی ئاسودە بیت و ژیانت پارێزراو بێت.

_ڕاز: واتا لە پێناوی ڕۆحم جەستەم دەبەن، واتـا بۆ پارێزگاری ژیانی ئێستام هەموو داهاتووم ئەشێوێنن؟

یـان ئەگەر مـن ڕازی نەبـم نـاتوانم لێرە دەر بچـم و شـەرەفم پارێزراوە، بەڵام ئەگەر بمەوێ لێرە دەربچـم دەبـێ شـەرەفم جێبهـێڵم لێرە و بەبـێ شـەرەفی بڕۆمە

دەرەوە! مەبەستت ئەوەیە دەزانم بەڵام مەگەر ڕۆحم بکێشن وەک چۆن کەسانێک هەن تامەزرۆی ئەو کارەن بیکەن لەدەرەوەی ئێرە.

لەلای ئەو ئافرەتە ڕۆشتم کە زۆرێک لە پیاوەکان بە سۆزترن تا ئەو جۆرە ئافرەتانە.

بڕیارمدا بەهێزبم من گەورە بووم و تەمەنم بەرەو گەورە بوونە، بەڕاستی نازانم تەمەنم گەورەبووە یان من زۆر زوو خرامە بەر بێڕەحمی ژیان، نزیکی هەژدە ساڵم، بڕوام وایە کچانێک لەو تەمەنەدا ئێستاش نازداری ناو ماڵەکانی خۆیانن و پارچە ئەڵماسێکن لەلای دایک و باوکی کە هەرگیز ناهێڵن لە دەستیان بچێ بە ئاسانی.

هەموو باسەکەم بۆ (س......) گێڕایەوەو داوام کرد کە هاوکاریم بکات و بتوانم هەڵبێم لێرە.!

_س: من کەسێک دەناسم دەتوانین بە بڕە پارەیەک ڕازی بکەین و هاوکاریت بکا بۆ ئەوەی هەڵبێی.

_ڕاز: بەڵام من هیچ  بڕە پارەیەکم پێنییە (س......)!

_س: من ئەوەت بۆ دەکەم و پارەشت دەدەمێ بۆ ئەوەی خۆت دەرباز بکەی  بەزوترین کات.

_ڕاز:- سوپاس من چاکەی تۆم لەبیر ناچێت.

ئەو ڕۆژە هاتە پێش توانیم بە سەرکەوتووی لەوێ دەرباز ببم و هیچ کەسێکیش نەتوانێت من و لەشم وەک کاڵا سەیر بکاو پارەم پێ پەیدا بکات، لەوێ ڕۆیشتم و چوومە باخچەیەک پڕ بوو لە دەنگی باڵندەکان، لەسەر هەر تەختەی دانیشتنێ دوو دڵدار یان دوو هاوڕێ پێکەوە دانیشتبوون و دەردی دڵی خۆیان بۆیەکتر باس دەکرد و دڵدارەکان لەو ژوانەدا بە باڵای یەکتردا هەڵیان دەدا. لە هەموو بنداریَکا سۆز کۆببۆوە لەسەر پشتی گەڵای  هەموو دارەکانی ئەو

باخچەیە مهیرەبانی ڕاکشابوو، دەنگی پێکەنینی کیژانی ئەو باخچەیە تەواوی چیمەن و گوڵە بەیبونەکانی داپۆشی بوو، هەستم دەکرد ئەو باخچەیە یەکێکە لەو باخچانەی من دەمویست دروستی بکەم و بینەخشێنم، خۆر لە ئاسمانی ئەو ڕۆژەدا لەماڵئاوایدا بوو.

* * * * *

## (( باوكی ڕاز ))

## نامەیەك بۆ كچەكەم ڕازی ئازیز.

من كەوا ئێستا ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم تۆ تەمەنت هەژدە ساڵە و ساڵانێكە تۆم نەبینیوە ئاگری دووریت دایكتی بردۆتە تەمەنی هەشتا ساڵی و هێز لە گیانی براوە، با ڕاست گۆبم منیش لەوە بێبەش نیم و هێزت لە هەردوو ئەژنۆی ئەم باوكەت بڕیوە!

تاوانبارم كچم باش درک بەوە دەكەم كە باوكێكی باش نەبووم و نەم توانی تۆ لەسەر پەڕەی گوڵ گەورە بكەم، تاوانەكەی من ئەوەیە كە باوكم، نە

دەبــوو ڕێــگە بــدەم تــۆ لە بــووکەکەت دورخەنەوە نەدەبـوو بەو تەمەنەوە مـن تـۆ بـدەم بە شـوو! بەڵام کچـم تـۆ بەشـی هێنـدە گەورە بـووی کە لەوە تێـبگەی هەمــوو دایــک و بــاوکێکی هەژار ئــاواتە خــوازن کچەکەیان ژیانێکی خۆش بژی و هاوسەرەکەی تواناى باشـبێ و بەجـوانترین شـێوە ژیـانی بـۆ دروسـتبکات و ناز و حەزەکانی جێبەجێ بکات! ئەوە هەڵەیەک بـوو کە بەهۆی هەبوونی سەرمایەی ئەو کوڕەی هاتە داوات و خـوازبێنی کـردی، مـن وەک باوکت لەبیـرم کـرد کە تـۆ سـەرەتا پێویسـتت بە تەمەنێکی گونجـاوە و پێویسـتت بە پیـاوێکی باشـە کە ئاگـای لێـت بێـت، تـاکە هەڵە ئەوە بـوو هەمـوو جوانییەکـانی ئەم مـاڵە وێـرانەیەی منـی شێواند!

کچــم بــاوکی جــگەر ســوتاوت پێــت دەڵێــت مــن خەجــاڵەتی منــداڵیتم خەجــاڵەتی تێکــدانی ژیــانتم،

شــەرمەزارم بەرامــبەر ئەو تــاوانەی کە کــردم و بــرای ڕەحمەتیت کردی بەرامبەرت و قبوڵمان نەکردیتەوە، ئا پـێم وابـێ نەت بیسـتوە و بـێ ئاگـای لەوەی کە ڕووی داوە، جـا تـۆی پەپـولە چـۆن بزانـی چـی ڕوویـداوە خـۆ ئەگەر یەکێـک نـاوی ئـێمەی بهێنـت لەلات تـۆ سـەدان وڵات ڕا دەکەیـت لەتـرس و خراپـی ئـێمە. بـراکەت بە ڕووداوێـک گیـانی پـاکی سـپارد و ئۆتۆمبێلێـک بـووە هۆکـاری مردنـی، کچـم منـی بـاوکی جـگەر سـوتاوت سەرەتا بۆ دووری تۆ و مردنی براکەت ئەبێت چی لەم جەستە ماندوو هیلاکە شک ببەی؟ ڕۆحم دەبەخشم دووبارە بتبینمەوە کچم!!

من لە هەوڵی ئەوەدام بت دۆزمەوە هەمـوو شـوێنێک گەڕاوم و تەنـانەت مـافی ئافرەتـانیش کە کەمێک پـێش نوسینی ئەم نامەیە لەوێ بووم بەڵام پێیان وتـم کە نە تۆ و نە ناوی ئاوا لەوێ نییە.

وەک دێوانەیەک شەقامەکان دەگەڕێم بۆت دەشت و کێـو دەگەڕێـم بـۆت تـۆ لە کـوێی کچـم تـۆ لە چـی سوچێکی ئەم ژیانەدا بێناز و بێکەس کەوتووی؟ ئەم نـامەیە چەنـدەها جـار دەینوسـمەوەو دەیـکەمە هەزار نـامەو بەسـەر تەواوی شـاردا بـڵاوی دەکەمەوە بەڵام تکام وایە ئەگەر ئەم نامەیەت بینی بگەڕێرەوە کچم لە گونـاهی ئەم بـاوکەت خۆشـببە کچـم بگەڕێـوە دایکـت زۆر تـامەزرۆیە مـن شـێتی تـۆم کچـم وەرەوە وەک منداڵی کراسە تازەکانت پیشان باوکت بدەو لە باوەشی دایک و باوکتا بنوو.

**نامەکە تەواو دەبێت.**

- باوکی ڕاز: ڕۆژانە دەچمە نـاو بـازاڕ چـاو دەگێڕم بەڵکو ڕازی کچم ببینمەوە چاوم دەچێتە سەر کچانی سـەر شـەقامەکان و بە ئومێـدی ئەوەی کە یەکێـک

لەوانە ڕاز بــێ ڕازی مــن.! بەڕاســتی تــاوانێکی زۆر گەورەم کـردووە لە ڕووی ئەو کـچە پـاکو بـێگەردەدا. هاوڕێیەکم کە زۆر نزیکەو هـاوڕێی منداڵیمە باسـەکەم بۆ گێڕابۆوە کە ڕازی کچـم دیـار نییەو هـیچ شـوێنێک نەماوە نەگەڕێم بۆی داوام لێکرد هاوکاریم بکات و پێم وت با نهێنی بێت ئەم باسە.

توانیمان سەرە داوێکمان دەست بکەوێ کە گوایە لە مـافی ئافرەتـان بـوەو بەڵام لە شــەوێکا هـیچ کەسـێک نازانێت بەرەو کوێ و چۆن هەڵهاتووە!

ڕازی کچـم وادیـارە ترسـاوەو ڕۆیشـتووە لەوێ ئەو فێر نەکرابوو کە بترسێ دەبوو هەموو کات بەدڵی ئەو بێـت و گرنگـی بە دڵ و هەسـتی بـدرێ، بێگومـان لە شـتێک ترسـاوە یـان لە بێکەسـی خۆیـدا ئۆقرە نـاگرێ لەهــیچ جێگــایەک و هەردەم لە ڕاکردنــدایە بەدوای ژیاندا!.

ماوەیەکی زۆر لە گەڕاندا بووم بۆ شوێن قاچە بچوکەکانی ڕاز هەموو ئێوارەیەک بە دەستی بەتاڵ دەگەڕامەوە بۆ ماڵ و پێش ئەوەی بگەمە دەرگای ماڵەکەم دەم بینی دایکی ڕاز لە چاوەڕوانیدا چاوەڕوانە بە ئومێدی ئەوەی دەستی ڕازم گرتبێو بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە!.

کە نزیک دەبوومەوە ئەوکات ئازارێک زیادی دەکرد و دەیزانی کە ڕاز هێندە ئاسان نییە وەکو جاران لەماڵەکەدا یاری بکات و بانگی بکات دایکە گیان!

ڕۆژێک بە هەڵەداوان گەیشتمە لای و پێم وت هەواڵێک هەیە کە گەیشتۆتە ناوچەیەک لە ئێران و لەوێ بیندراوە کاک ئەحمەدی هاوڕێم هاوڕێکانی لە زۆر شوێن ئاگا دار کردۆتەوە ئەوانیش پێیان وتوە کە کچێکیان دیوە لەو شێوەیە دەبێت بچین بۆ ئێران، بە هۆکاری ئەوەی باری دارایم باش ببوو توانیم

دایکیشی ببەم لەگەڵ خۆم و بەڵێنی ئەوەی پێبدەم کە دەیبەم لەگەڵ خۆمدا، کە هەواڵەکەم پێدا تەواو هەستم بە گەشـانەوەی چاوەکـانی و ئـاڵبوونەوەی ڕەنگـی پێستی کرد و گەنجێتیم لە تەواوی باڵایە بەدی کرد. وا بڕیار بوو کە سبەی بچینە ئەوێ بۆ سۆراغی ڕازی کچمان، سبەی گەیشتین و من بە پەرۆشی ئەوەی زوو بگەم بەو پارچەیەی دڵم کە ساڵانێکە وێڵم بە شـوێنیدا ئـارامیم نەمابوو. چوینە ناو بازاڕەکە و پرسیارمان دەکرد بۆ شوێنەکەی و لە کوێ دەژی ئەو کـچەی کە بینـدراوە، دوای گەڕانێکـی زۆر ئەو ڕاستیە تاڵەمان بیست کە ئەو نییە، بەڵام زۆر لە ڕاز دەچوو ئەوکچە کە منداڵی دایک و باوکێکی فارس بوو.

# (( ڕاز ))

## خۆر لە ئاسمانی ئەو ڕۆژەدا لە ماڵئاواییدا بوو

هەستم دەکرد دەنگی باڵندەکان هێواش هێواش کز دەبێت وەک چرای ئومێدی من، هاوڕێ و دڵدارەکان بەرەو ماڵ دەڕۆنەوەو باخچەکە تەواو چۆڵ دەبێت، هەر وەک دەوروبەری من لە ئازیزانم. لەوێ ڕۆشتم و گەڕام بەسەر شەقامەکاندا دەگەڕام، ئەوا ئاسمان چیرۆک بۆ شار دەخوێنێتەوەو وا خەریکە شار تەواو چاوی دەچێتە خەو منێک کە ناوێرم لە باخچەکاندا

بنــووم یــان نزیــک بــبمەوە لە پیاوەکــانی ســەر ئەم شەقامەو بیان دوێنم و پێیان بڵێم دەمەوێ لەم شارە بڕۆم و دوور بکەومەوە، کچێک زۆر سەختە بۆی کە نەترسێ لەم مەملەکەتدا، نەک هەر لەسەر شەقامەکان بەڵکو لەناو چوار چێوەی ماڵەکەی خۆیاندا ڕادەچڵەکێ بەدەســـت ئەوانیتر.تەکســـیەکم ڕاگـــرت و پـــێم وت دەمەوێت بڕۆمە ئەو ناوچەیە کەمێک دڵ خۆش بووم بەوەی شۆفێرەکە تەمەنێکی زۆری هەبوو بە کەسێکی خــراپ نە دەهــاتە بەر چــاوانم. ڕێکەوتــین لەســەر نرخەکەی بەرە بەیان گەیشتمە ئەو ناوچەیەی کە دوو کاتژمێر لە شارەکەی خۆم دوور بوو، لەدوای هەندێک گەڕانم و تەواو کردنەوەی هەمو دوکان و بازاڕەکان بە ئارامی دەگەڕام بەناو بازاڕدا، من وەک کچانی ئەم بازاڕە نەهاتووم جل و بازن و شتوومەکی جوانکاری بکڕم، من تەنیا دەگەڕێم بۆ ئەوەی ژیان بکڕم بۆ

ئەوەی بـژیم. لەگەڕانـم کەمێـک دوور کەوتـمەوە بینـیم شوێن کارێک هەیە کە شوێنی دروسـت کردنـی پەردە و قومـاش و گـۆزە و زۆرێـک کەلـو پەلـی نـاو مـاڵە کە ئافرەتێک سـەر پەرشـتیار بـوو لەوێ، چـوومە لای پێم وت کە دەمەوێ کـار بـکەم. بەڵام نەی دەویسـت مـن لەوێ وەربگـرێ بە بیـانووی ئەوەی هـیچ قازانجێکیـان نیـیە، ئەم کەسـانەی کە لێـرەش کـار دەکەن زیـادن و گوایە توانایی ئەوەیان نییە موچەکانیان بدەن.

- ڕاز:- خانم من تەنیا شوێنی مـانەوەم دەوێ لەگەڵ خواردنی ڕۆژانە هیچ پارەیەکی تـرم نـاوێ، لەو کـاتەی قسـەم بۆ دەکرد فرمێسک لە چاوانم دەهـاتە خـوارەوەو دڵم پڕ پڕ ببوو لە گریان لە قسـە لە نەهامـەتی ژیان.

ئەو ڕازی بـوو بەوە بەڵام بە هـیچ شـێوەیەک پـارەم نەداتێ. وە شوێنی خـەوتنەکەشی پیشـاندام پێی وتـم کە

هەمـوو ڕۆژێـک سـێ ژەم دەتـوانم بـڕۆم نـان بخـۆم لەسەر پارەی ئەو.

دەسـتم کـرد بە کـار کـردن، لە سـەرەتاوە تەنیـا شوێنەکەم پاک دەکردەوە لە زیادەی قوماش و پیسی سەر زەویەکە من سەیری پەردەکانم دەکرد کە هیچ جوان نەبوون، خەیاڵم دەکرد لەسەر قوماشە سپیەکان و نەخشەکانی ناو خەیاڵمم لەسەر دادەنان و دڵ ڕفێن دەر دەچـوون. لە دوای چەنـد سـاڵ خەیـاڵم بـۆ گەڕایەوە بەڵام ئـایە ئەگەر پێیـان بڵـێم ئەوە دەکەن کە خەیـاڵم دەیکـات و دەینەخشـێنێت لەسـەر ئەو پـارچە قوماشـەنە، ئەو نەخش و نیگـارانەی لە خەیـاڵی مندایە هەرگیـز هـیچ کەسـێک نەی بینیـون بۆیە سـەختە ئەو کارە بکەن کە من دەیڵێم.

خـاوەن کـارەکەم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باشـتر و میهرەبـان تـر دەبـوو بەرامـبەرم، لەدوای هەنـدێک

باسـکردنی ژیـانی خـۆم، سـۆزی دایکـانەی پێـدەدام، ژنێکـی ڕوو خـۆش و دەم بەخەنـدە، ڕۆژەکـان تێـپەڕ دەبوون و من زیاتر شارەزا دەبووم و کاری باشترم دەکرد.

ڕۆژێـک خەیاڵەکـانم گەڵاڵە ببـوون لەنـاو مێشـکم نە دەکرا کە هەندێکی هەڵ نەڕێژمە سەر پارچە قوماشێک یاخود  لەسـەر گۆزەیەک، لەسـەر تـاقی دورسـتکردنی گۆزەکـان گـۆزەیەکم هێنـا لەگەڵ فلـچەی ڕەنـگ و نەخشو نیگارەکان.

لەگەڵ دەسـت پێکـردنم پەیوەنـدیم لەگەڵ ئەم دونیـایەدا تەواو پچـڕاو تەنیـا خەیاڵەکـانم دەنـارد بـۆ پەنجەکـانم و ئەوان فەرمانەکـانی خەیاڵمیـان جێبەجـێ دەکرد، کۆتـایی هـات هەمـوو نەخشـەکان بە شـێوەیەک بـوون کە نەدەکرا خەیاڵت نەبـاو بۆ سـاتێک نەت بـاتە دونیـایەکی  تـر. هەر زوو گـۆزەکەم بـرد بـۆ خـاوەن

کـارەکەم، بـۆ مـاوەیەک بێـدەنگ و تاسـاو بە دیـار نەخشـەکانەوە ڕاما، کە وەک بڵێی لەسـەر ئەم دونیایە بوونی نەمابێ بەو شێوەیە تامەزرۆی بردنی خەیاڵیم لە ڕوخسـاری بەدی دەکـرد کەوتەوە قسـە کـردن و پرسیارگەلێکی ئاڕاستەم کرد، بۆ ئەوەی سەرە داوێک بدۆزێتەوە بۆ ئەم بەهرەیە بۆ نەخشاندنی ئەو نەخش و نیگارە.

_ڕاز:خانم ئەمە تەنیا لە خەیاڵم دایە و کاری خەیاڵە ئەم کارانە من ناتوانم بە هیچ شێوەیەک وەسفی بکەم و سـەرچاوەیەکی تـری نیـیە جـگە لە خەیـاڵ. هـیچ کەسـێک نەیبینیـون لە تەواوی ئەم گەردونە بسـوڕێ هـیچ جـۆرە نەخشـێک نیـیە لە نەخشـی خەیاڵەکـانی مـرۆڤ بچـێ و هەر یەک لە مرۆڤەکـانیش جـۆرە نەخشاندنێکیان هەیەو خەیاڵی هیچ کەس لەوەیتر ناکا. مـن پێویسـتم بەوەیە کە ئـارامبم، بـۆیە خەیاڵەکـانم

نەترســن و بتــوانن ئەوەی نیازیــانە بــۆم بــدرکێنن، ئەوکات دەتوانم لەوانی وەر بگرم و تەواو ڕۆبچم لە نەخشاندندا داواکارم کە بتوانی ئامێری تر زیاد بکەی بۆ نەخشـاندنی هەمـوو ئەو قوماشـانەی لێـرە بەرهەم دێن، منیش هاوکار دەبم بۆ ناوازە ترین نەخش و نیگار لە سەر ڕوکاری قوماشەکانی ئەم کارگەیە.

خاوەنکارەکە بە بێ ئومێدیەوە لێی دەڕوانیم و وتی: ڕاز کچم ئێمە هێندە توانامان نییە کە بتوانین ئەو ئامێرانە زیاد بکەین و ئەم کارگەیە گەورەتر بکەین، وەک دەزانیت کڕیارێکی وامان نییە بۆ ئەوەی سودی زیاتر بکەین. باشە من لە ئێستاوە دەستپێدەکەم و بە دروستکردنی چەند دانەیەک بۆ تاقی کردنەوەی دڵی کڕیارەکان و دڵنیای بەڕێزت.

ئەو بە داواکەم ڕازی بوو، هەوڵمدا بڕۆم پیاسەیەک بکەم بەسەر ئەو شەقامانەی کە ڕۆژانێک بوون ئازار

بەخش و ترسناک بوون بۆ ئەم ڕازە، ئێستاش ئارام بەخشن و سەبەب کاری هاتنی خەیاڵی جوان و دڵڕفێنن، چی دونیایەکی سەیرە.!

گەڕامەوە بۆ شوێنی کارەکە و لەوێ کە تەختە خەوێکی منی لێبوو کە ماڵی من و ژیانی من تەنیا لە چوارچێوەی ئەو کارگەیەدا بوو، وەکو کچێک ئاواتم وابوو کە سنوری ژیانم لێرە بچوکتر بوایە بەڵام لە باوەشی دایکم بومایە، هەستم بە بۆن و میهرەبانی و بینینی باڵای بکردایە وا بڕیارە سبەی ئەو کارە بکەم کە دەکرێ ژیانی من و خاوەن کارو و هەموو ئەو کەسانە بگۆڕێ کە لێرە کار دەکەن سبەی پێش ئەوەی خۆر زەوی ڕووناک بکاتەوە و ڕەنگەکانی دەربکەون من لە خەو ڕاپەڕیم بە دەنگێک کە بانگی دەکردم و بە ئاگای هێنامەوە لە دەنگی براکەم دەچوو وا دەر دەکەوت کە ئەو هاوکارم بێت و بیەوێ سەر کەوتوو

ببم لەم کارەمدا و پشتیوانم بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ڕاستی دا برا تاقانەکەم نیازی وابوو ڕۆحی خوشکە بچوکەکەی بکێشێت.

من گەرچی ئێستاش ڕق و کینەم نییە بۆ هیچ کام لە خێزانەکەم، بەڵام لێشیان دەترسم لەوان و لە هەموو مرۆڤەکانی ئەم گەردوونەش، ترس بە پێچەوانەی خەیاڵەوەیە خەیاڵ لەپێش هەبوونی هەموو شتێک دروست دەبێت لە پێش هەموو ئەوانەی لەم گەردوونەدا دروستکراوی دەستی مرۆڤن خەیاڵ دروستی کردون و لە ڕێگەی خەیاڵەوە هاتوونەتە بوون کە مرۆڤەکان دەیانەوێت خانوو دروست بکەن سەرەتا بە خەیاڵ دروستی دەکەن و هێڵکاری خەیاڵی بۆ دەکێشن ئەوکات دروستی دەکەن، کە دەیانەوێت باخچەیەک دروست بکەن، پێش دروست کردنی بە خەیاڵ دروستی دەکەن و گوڵ و چیمەن و هەموو

ئەوانی تری بۆ دەهێنن و لە ناویدا دەیڕازێنەوە لە دوای ئەوە دروستی دەکەن ترس بە پێچەوانەوە لە دوای هەموو ئەوانە دێت کە هاتونەتە بوون و ترس لێیان دروست دەبێت، کە مرۆڤێک برایەک خوشکێکی نییە ترسی لە دەست دانی نییە کە لە دەستیان بدا بەڵام کە هاتنە بوون ئەوکات ترس لەو ڕۆحەدا دروست دەبێ و ترسی لە دەست دانی بۆ دروست دەبێت، هتد...... لە ژیانی ئەم ڕازەدا تەنیا ترسە وێڵی کردووم و ژیانی شێواندووم هەر وەک پرچم کە لە دەستەکانی دایکم دوور کەوتنەوە ئیتر شێوان و ئاڵۆسکان بە ناو یەکتریدا! دایکە لەو ڕۆژەوەی منیان لە نێوانی دەستەکانی تۆ دەر هێناو لە گەرمی باوەشی تۆیان کردووم پرچم شانە نەکردوە هەروەک ڕۆحم کەوا لە گیانت ئالاوە پرچم نەئالانوە بەیەکداو نەم هۆنیوەتەوە خۆ کەسیش نییە ئەوەم بۆ بکات دایکە!.

لەسەر شەقامەکانی ئێرە کچ و دایکەکان دەستی یەکتریان گرتوەو پێدەکەنن لەگەڵ یەکتردا، من ڕقم لە هەموویانە ئەو کچانەی توونـد دەستەکانی دایکیان دەگوشن، من هێندەی تر ئاوێتەی خەم و ناڕەحەتی دەکەن دایکە نەدەکرا منیش ئاوا توند دەستەکانت بگوشم هەتا ون نەبم! نەدەکرا تۆ دەستەکانم بگری و ونم نەکەی دایکە؟ خۆر لە ئەو دیوی چیاکانەوە سەری دەرکرد و شاری ڕووناک کردەوە من دەمویست ئەو کارە ناوازەیە جێبەجێ بکەم کە خەیاڵ دەم داتێ، هەر زوو لەپێش ئەوانی تر من چوومە سەر کارەکەم چنین و خەیاڵ دەستیان بە کار کردن کرد و لە دوای هەموو ڕۆچوونێکی نوکی دەرزیەکە بە ڕووخساری قوماشەکەدا هێندەی تر دڵی دەبرد، هۆش و خەیاڵی دەبردە ئەو دیو سنوری جوانی.!

لەو ڕۆژەدا دوان لە نەخشـــەکانم ئامـــادە کـــرد و خـاوەن کـارەکەم بە شـێوەیەکی وا دڵ خـۆش بـوو بە بینینـی هەرگیـز بـڕوا نـاکەم دڵخۆشـی وای لە ژیانیـدا بینیبێت هەر زوو کڕیارەکـان داوای زیـاتر و زیاتریـان دەکرد لەوانەی دروست کراون بە قەبارەی جیاواز و گونجـاو بـۆ ماڵەکانیـان، کڕیارەکانمـان وەک دەیـان وت ئەم قوماش و پەردانە جـوانییەکی بێ ئەنـدازەیان هەیە دەسـت خۆشـیان زۆر لێـدەکردین و خـاوەن کـارەکەم هەمـوو کـات پێـی دەوتـن کە ئەوان بەژدار نەبـوون و هەمووی کاری ئەو خانمەیە کە ناوی ڕازە.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داخـــوازی کڕیارەکـــان زیـــادی دەکـرد و ئارەزویـان بـۆ چنینـە نوێیەکـان ڕوو لە زیـاد کـردن بـوو، خـاوەن کـارەکەم دەسـت کەوتێکی باشـی هەبـوو توانیمـان قـازانجێکی باشـتر بکەیـن لە جـاران ئـامێری نـوێ بهێنینـە کارخـانەکەو لە پـای ئەو دەسـت

کەوتانە خاوەن کارەکەم موچەیەکی دەدامێ مانگانەو موچەی ئەوانی تری کەمێک زیاتر کردبوو کچ و ژنەکانی کارخانەکە خۆشیان دەویستم، ئەوان زیاتر و زیاتر لەگەڵ من و من لەگەڵ ئەوان ڕادەهاتین، لێرە هەموومان هاو ڕەگەزین هەر یەکەمان بە هۆکارێک هاتوینەتە ئەم کار خانەیە ئەویش هەژاریەو شەڕ کردنە لەگەڵ ژیاندا، ئەوان چیرۆکی سەیر سەیریان هەیەو هەر یەکێک لێرە خاوەنی ئازارێکە کە لەناو دڵیاندا هەڵیان گرتووەو زۆر کەمو بە ترسەوە دەیدرکێنن.

دەکرێ کچەکان ژیانی هاوسەری لەگەڵ هەژار ترین پیاوی دوونیا دروست بکەن بە مەرجێک دڵ خۆشبن و دڵیان بیخوازێت ئەوکات هەوڵی ژیان بدەن و ژیان والێبکەن بە ئاراستەی دڵ خۆشی ئەوان بڕوات.

کیژەکـانی ئێـرە پیـاوانێکی هەژاریـان هەڵبـژاردووە زۆر دڵ خۆشـــتر و ئاســـودە تـــرن لەمنێـــک کە هاوســـەرگیریم لەگەڵ دەوڵەمەندێکـدا کـردوو ژیـانی گەیاندمە ئەم ڕۆژگارە.!

ڕۆژ و مانگەکـــان دەڕۆیشـــتن کە ژیـــانم ڕووی کردبـووە دڵ خۆشـی و ئاسـودەیی لە ڕۆحمـدا پەرەی دەسەند، لە پڕ هەموو شتێک گۆڕا لە بەختی من ژیان بەو شێوەیە نەبوو کە ئارەزووم دەکرد لەو کارخانەیە بەردەوام بم.!

سـەر لە بەیـانی ڕۆژێکـی شـووم خـاوەن کـارەکەم بانگی کردمو پێی وتم کە دەمەوێت ئەم شوێنە دابخەم و کارێکی تر بکەم بەڵام نازانم کەی و چۆن، گرنگ ئەوەیە کە ئێـــرە دادە خەم بە داخەوە دەبێـــت تـــۆو هەموو ئەوانەی لێرەن بێکار بن!

بەڵام من لە دڵسۆزی و بە ئەمەکی تۆ بۆ کارەکەت کارێکم بۆت دۆزیوەتەوە کە هاوڕێیەکمە کاری دیزاین و فاشـیۆن و ڕیکـلام دەکـات پـێم ڕاگەیانـدووە کە کەسـێک هەیە توانـایەکی باشـی هەیە بـۆ دیـزاین و نەخـش و نیگارەکـان بە شـێوەیەکی سـەر سـوڕهێنەر، ئەم کـارە بۆتـۆ زۆر لێـرە باشـترەو زۆر سـودمەندتر دەبیت لەو کارە تازەیەدا.

ئەم ڕازە کە هـیچ کـات خۆشـیەکانم نەگەیشـتونەتە سنوری ئومێد و مـانەوە لەلام، قـایلم بەوەی کە دەبێت بچمە ئەو شوێنەو لەوێ کـار بکەم بە هۆکـاری ئەوەی بتوانم بژیم.

لە دوای ئاگادار کردنەوەی هاوڕێکەی بە قایل بـونی من هێندەی پێنەچوو پیاوێکی قات و ڕیبـات لەبەر هـاتە کارخـانەکە و سـڵاوی لـێ کـردم و لە دوای هەنـدێک گفتوگـۆ لەسـەر کـارەکەی مـن ڕەزامەنـدیم دەربـڕی و

ڕۆیشــتین قســەکانی ئەویــش هەمــان قســەی خــاوەن کــارەکەم بــوو کە منیــان دەوێــت بــۆ چنــین و دیزاینــی جلوبەرگەکــان کە لەوێ کــاری فاشــیۆن و ڕیکــلام و مۆدێرنی پێوە دەکرێت.

ســەرەتا چــوومە ئەو شــوێنە و چەنــد کارمەنــدێکی کامێرا بەدەست و چەند کچێکی لێبوو کە بە عەزی و پۆشاکی مۆدێرنەوە وێنەیان دەگرت و ڤیدۆی بچوکیان دروســـت دەکــرد، لە ســـەرەتاوە پێیـــان وتـــم کە ئەو پۆشــاکانەی دیــزاین و چنینیــان بــۆ دەکەی دەبێــت بەم شێوانە بن.

عەزی کــورت بــۆ هەر قیاســێک کە دەبێــت لەســەرو ئەژنـــۆی کیژەکـــانەوە بیانکەیـــت و لەو مەودای ئەو پارچە قوماشەدا دیزاین و نەخشەکانت بگونجێنی.

مــن ڕەزامەنــد بــووم، کە ئەوان چۆنیـــان بوێـــت هەوڵــدەدەم بە دڵــی ئەوان بێــت ئەوەی داوای دەکەن

دروستیان بکەم بە جوانترین شێوە. چەند مانگێک تێپەڕ بوو لەو ڕۆژەی کە سەرەتا چوومە سەر کارکردن، هێدی هێدی کیژەکان دەبوونە هاوڕێم و لێم نزیک دەبوونەوە، زۆر کات پێشنیاریان بۆ دەکردم کە جوانکاری بکەم هەتا وەکو ئەوان ببمە جێگای سەرنجی کۆمپانیا و داوا کراوەکانیان، وەک جوانکاری لەش و ڕوخسار کە خاوەنکار و خاوەن کۆمپانیاکە برە پارەیەکت بۆ سەرف دەکات بۆ ئەوەی لەش و لارت جوانتر بکەیت و دواتر بتوانی جێگای خۆت بکەیتەوە لەو کارکردنە قورسە ڕزگارت ببێ و بتوانی پارەیەکی زۆر باشتر پەیدا بکەیت، هەرکات لەو جۆرە وشانەم دەبیست لە و کیژانە، دەچوومە بەر ئاوێنەکەم و پێم وانەبوو ڕوخسارم پێویستی بە جوانکاری بێت و لەشیشم کە زۆر ڕێکو بێ کێشەیە، دووبارە سور دەبووم لەسەر ئەوەی ڕوخسارو لەشی خۆم هیچ

کێشـەیەکی نییە و لێشـی ڕازیـم، ڕۆژ بە ڕۆژ زانیـاری نـویێ و شـتی سـەیر تـرم دەبینـی و دەم بیسـت لەو شوێنەدا.

تەواو له شـوێنێکی لەشـفرۆش و سـەماکەرەکان دەچوو، بە هۆکاری ئەوەی من لەناو کارەکەدا بووم زۆرکـات زانیاریەکـان بە ئاسـانی دەکەوتـنە بەر چـاو دەسـتم.! کە چەنـد میـوان خـانەو هۆتێـل هەبـوو کە کیژەکـان دەچـوون و لەویێ بە دڵ و حەزی خۆیـان و سـەرمایە دارەکـان ڕایـان دەبـوارد و بەشـە پـارەیەکی زۆریـان کـۆ دەکـردەوە هەریەک لەوان خـاوەنی ئۆتۆمبێل و پارە و خانووی تایبەت بە خۆیان بوون، تا ڕۆژێک کچێک لەوانەی ببوە هـاوڕێم، درکاندی کە لەم ڕۆژگـارەدا پێویسـتیت بە دڵ و شەخسـیاتێکی گەورە نییە بەڵکـو وەکـو ئافرەتێـک تەنیـا لەش و هەنـدێک لە شـوێنی تـایبەتی لەشـت گەورە و سـەرنج ڕاکـێش بێت

دەتوانی چی خۆشە لە ژیاندا بەدەستی بێنی بەیەک شەو لە شەوەکانی ساڵدا.

ـڕاز: بەبێ بیرکردنەوە لە قسەکەم وتم واتا لەشفرۆشی بە سەرمایەداران؟

زۆر تورە بوو زۆر بە شێوەیەکی ناشرین پێی وتم سواڵکەر، تۆ لە دونیای مۆدێرن و فاشیۆن و ریکلام تێناگەی!

- ڕاز: بەڵێ بە باشی تێدەگەم.

هەر زوو خاوەن کارەکەم هات و پێی وتم ئەوەی لێرە دەیبینیت و دەیبیستی بردنە دەرەوەی هێڵی سورەو دوای دەبێت بە گرانی باجەکەی بدەیت.

- ڕاز: بەڵێ بێگومان من هیچ کارم بەوەوە نییە تەنیا لە نەزانی خۆمدا ئەو وشەیەم وت بمبورە.

-خاوەنکارەکە:بۆ ڕاز خان تۆ وا دەزانیت پارە لەم ڕۆژەدا ئاسان پەیدا دەکرێ، من لەبەر هاوڕێکەم تۆم

هێناوەتە ئێرە، سودێکی زۆرم لە تواناکانی بەرێزیشت بینیوە، بەڵام بە دڵسۆزانە پێت دەڵێم خۆت لەو کارانە بەدوور بگرەو هەرگیز مەهێڵە ئەوانی تر بزانن تۆ هەموو نهێنییە کانی ئێرە دەزانیت، منیش هەر وەکو تۆ دەزانم قسەکەی تۆ تەواو ڕاستەو هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە بەڵام ناکرێ ئاوا لە ڕوو پێیان بڵێیت لەشفرۆش بە سەرمایەداری، هەموو ئەوانەی لە منی دەبیستیت دەبێت نهێنی بێت، هاوڕێکەم هەموو نەهامەتیەکانی ژیانی تۆی بۆ گێڕاوەمەتەوە و منیش نامەوێ نانبڕاو ببیت و بکەویتە سەر شەقامەکان.

متمانەم پێتەو زۆریش دڵسۆزی بۆ کارەکە بۆیە هەرگیز هیچ لەلای کەس نەڵێیت.

- ڕاز: بەڵێ باش زۆر سوپاس بۆ چاکەکەت بۆ هاوکاری و ڕێزگرتنت لە من و کەسایەتم.

لە تەواوی ئەو کـــارکردنەدا شـــتی زۆر فێربـــووم لەســەر ژیــان! هەمــوو ئەو کیـژانەی لەو شـوێنە بـوون هەموویـان خـاوەنی خێزانـی خۆیـان بـوون لە دایـک و باوک.

گەورەیـــی مرۆڤەکـــان پابەنـــد نیـــیە بەوەی لە چـــی ئاسـتێکی ژیانـدان، ئەم ڕازە ئەگەر ڕۆژێـک کـار نەکەم دەکرێ لە برسا و بێ شـوێنیمدا بمـرم، بەڵام بۆ یەک چـرکە خـۆمم نە خسـتۆتە بەردەسـت هـیچ نێرێـک بـۆ ئەوەی ئاستی دارایو ژیانم باش بێت و بتوانن لەشـم بکڕن و یاری بە ژن بوون و کچ بوونم بکەن.

ڕۆژێک کە کارم نەدەکرد، دەمویست هەندێک ئارامی نـاو باخچەکـان بنۆشـم و خەیاڵەکـانم بەسـەر تەواوی چیمەنـی بـاخچەکەدا بپـرژێنم و بیـان بیـنم کە چەنـدە جـوان و نـاوازەن چەنـدە لەگەڵ ئەم ڕازەدا گونجـاون چەندە منیان دڵ خۆش کردووە بە هەبوونیان.

بینـیم هەر یەک لە خەیـاڵ و ئەندێشــەکانم شــتانێکی زۆر گەورەن کە دەیانخوازم، منێک گەر چی نەهـامەتی و نــارەحەتی تەواوی ژیــانمی تەنیــوە، بەڵام بــۆ یەک چرکەش پاشەکشەم نەکردووە لە ئاوات و خەیاڵەکـانم، کاتی ژوانم درەنگی کرد لەگەڵ خەیاڵ، دەکرێ بچمەوە ئەو ژوورەی بۆم دابین کراوە باشـە دەکرێت  مـن هەر ئاوا بژیم و لەسەر ئەو تەختانە ژیان بەرێبکەم لە هەر ئەگەرێکدا بۆی هەیە وێران بکرێ لێمـو وەدەر بندرێم. پەیوەندیەکی زۆر تۆکمەم پەیدا کردووە لەگەڵ کیـژێ بە ناوی ( ژ......)  لەم پەرتوکەدا هۆکاری ئەوەی نـاوی کەسەکان نانوسم نامەوێت هیچ کام لەوان بەهـۆی ئەم پەرتـوکەوە ژیـان و شـەخسـیاتیان بکەوێتە نائـارامیەوە ئەگەر نا مرۆڤگەلێکم لێ ناسیون هێندەی پیتـی نـاو ئەم پەرتــوکە بەس تاوانیــان کــردووە و بــونەتە تێکــدانی

کۆمەڵگـا و  بە لاڕێـدا بردنـی گەنجەکانمـان بە کـچ و کوڕەوە.

لە کۆتاییدا ئەوانیش کچن و نامەوێت بەهۆی منەوە هەرگیــز مرۆڤەکــان بــکەونە نــا ئــارامی، هۆکــاری دروســتکردنی ئەم پەرتــوکە و تەواوی ژیــانی ئێــرە و ژیانی خۆم هۆشیار کردنەوەیە و دانانی هێڵی سورە بــۆ گەنجەکانمــان لە هەریەک لەو بابەتــانەی ڕۆژانە پارچە پارچە ژیانی گەنجەکانمان دەجوون و بەتایبەت مێینەکانی ئەم کۆمەڵگایە. دەکرێت کەسانێک هۆشیار بکــرێنەوە کە لە بــێ ئاگایــدا و  لە بــێ ئومێدیــدا ڕوودەکەنە هەندێک شوێن کە تەنیا ناوەکانیان جوانە و لە نــاوەوەی ئەوێ ئەوانە دەگــوزەرێ کە ئەم ڕازە هەمووی دەردرکێنێت ئالێرەدا.

لەگەڵ(ژ......) پەیوەنــدی هاوڕێیەتیمــان دروســت کردبـوو، ڕۆژێـک کە زۆر مانـدوو بێـزار لە ژیـان دەر

دەکەوت جودا لە ڕۆژەکانی تر خەندەم لە لێوەکانی نە دەبینی.

_ ڕاز: کێشەیەک هەیە؟ شتێک ڕووی داوە؟

هێدی هێدی کەوتە گفتووگۆ و ژیانی خۆی بۆ باس کردم.

-ژ: مـن کچێـک بـووم لە خێزانێکـی مامناوەنـد لە ڕووی دارایـیەوە، دایکـم مامۆسـتابوو بـاوکم کارمەنـد بـوو لە کۆمپانیـایەک، وردە وردە مـن گەورە دەبـووم دایکـم و بـاوکم کێشـەیان بۆ دروسـت بـوو لە نێـوانی یەکتریـداو وەک دەیـان وت نـاگونجێین بەیەکەوەو لە یەکتری جیا بوونەوە، من کەوتمە لای دایکم و لە ماڵی نەنکـم دا ژیانمـان دەکـرد، ڕۆژگارەکـانم بەڕێـدەکرد بەبـێ ئەوەی بـۆنی بـاوکم بـکەم و بـۆنێکی تەواوی دایکایەتی لە دایکم بکەم، جیا بوونەوەی ئەوان بوونە هۆی تێکدانی من و داڕووخانی من. خوێندکار بووم لە

زانكۆ و دەمخوێند، هەندێک هاوڕێم هەبوو لەوێ هەر یەکەیان ئۆتۆمبێلی جوان و پارەی زۆرو ژیانێکی خۆشیان هەبوو، ڕۆژێک لە کافتریای زانکۆ لەسەر مێزێک من و سێ لەو هاوڕێیانەم دانیشتبووین، کە بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبم پێم وتن میوانی منبن من پارەکەی دەدەم، کە لە کاتێکدا تەنیا دوو هەزارم پێبوو، خودا منی خۆش ویست کە ڕازی نەبوون، بەڵام ئەوان دۆلار و پارەی زۆر لە ناو گیرفانەکانیان هێندە زۆر بوو لێیان زیاد بوو.

پێیان وتم(ژ......) بۆ نایەی تۆش کاری ڕیکلام و مۆدێرن بکەیت هەتا بتوانی ژیانێکی باشتر بدۆزیتەوە، هەموو سیفاتێکی جوانیش لە تۆدا بوونی هەیە.

نەم ئەتوانی هیچ بڵێم و پێم وتن با بیری لێبکەمەوە بزانم ئەو کارە دەگونجێ بۆ من.

ئەوان دڵنیایان کردمەوە کە دەمبەنە سەر ئەو کارە و وەردەگیرێم. لە دوای ڕازی بوونی من منیان هێنایە ئێرە و ئەوە ژیانم لێرەدایە، بەڕاستی هاوڕێ ڕاستە من ئۆتۆمبێل و پارەم هەیە و ژیانی بەرچاوی خۆشم هەیە، بەڵام لە ناخەوە وانیم و دڵم هێندەی تۆ خۆش نییە، لەو کاتانەی کە نەخشەکان دەچنی و سەیرت دەکەم و خەندە دەکەی بۆ قوماش و تەنانەت بۆ دەرزی و بەکرەکەی بەردەمت.! هاوڕێ مرۆڤ کە ڕێگەیدا بفرۆشرێت واتە ئەو مرۆڤە دەوڵەمەند دەبێت بەڵام لە ناخ و ژیانی خۆیدا وەک ئەو بەفرانە کە لە چیا هەرەس دێنیت ژیانی هەرەس دێنێت.

-ڕاز: بێشەرمی نەبێت بە پێی قسەکانت بێت واتا تۆش ئەو کارەت کردووە ڕاستە؟

- ژ: بەڵێ ئەو کارەم کردوە و کە ئێستا بەناوبانگم و بە ماسکی سەر ڕوخسار و ژیانمەوە چوومەتە ناو

کۆمەڵگا نـاتوانم وازبهێنم، ئەگەر هـات و یەک مـرۆڤ کە ئـاواتی وایە وەک منــی لێبــێ و لە درزی ژیــانەوە ژیانی من ببینێت، هەتا هەتایە نەفرەتم لێدەکات هەرگیز ئــاوات بە مــن و هاوڕێکــانم و هــاو پیشەکانیشــم ناخوازێت، چونکە ئێمە ڕۆژانە خۆمان دەفرۆشـین و لە لایەنــی تــرەوە کۆمەڵگــاو مرۆڤەکــانی ئەم مەمـلـەکەتە فریو دەدەین و ڕێژەمان زیاد دەکەین بۆ سودی ئەوان و وێـران کردنـی مرۆڤەکـان. ڕاسـتە لە هەر شـوێنێک کەســانی بــاش و خــراپ هەیە، بەڵام ئەم شــوێنانە ناتوانی باش بیت تێیدا نـاتوانی! بـاش بوون واتە بێ دەست کەوتی نەناسـراوی لەم بوارانەدا، و وەدەرنانت و پشتگیری نەکردنی کەسانی خـاوەن کۆمپانیـا و تیڤـی و هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بەم کارەوە هەیە.!

- ڕاز: لەگەڵ قســەکردنی بــۆ مــن و درکانــدنی خەمەکانی فرمێسکی پەشیمانی و ژیان شـێواوی خۆی

دەهاتە خوار لە چاوەکانی، توونـد لەباوەشـم گـرت هێندەی ئەو دڵتەنگ بووم، من باش دەزانم کە ئەم کچە بۆتە نێچیری کەسانێک کە بەرهەم هێنانی پارە و تێکدانی کۆمەڵگا کار و پیشەیانە، خەمبار بووم بۆ پاکی ڕۆحی کچێک بە هۆی هەژاری و دابڕانی دایک و باوکی لە یەکتری و فریو درانی لەلایەن هاوڕێکانییەوە، ژیانی بەو جۆرە شێواوە ئەگەر ئەو لەشەی وەکو کیژێک خاوەنێتی نەیفرۆشێتو نەبێتە هۆی پاڵنەرێک بۆ دەسکەوتنی پارە بۆ چەند کەسێک، ئەوا هێندەی تر دەڕوخێت و هیچ دەست کەوتێکی نابێت وەک خۆی دەڵێت ناسراوی و هەموو شتێک لە دەست دەدات!.

مرۆڤەکان دەتوانن بە شێوەیەک بکەونە بەر دیدەی کۆمەڵگا، لە ڕێگەی باش و سەربەرزانەوە! ئەوکات هیچ هێزێک نییە ئەو ناسراویەی کەم بکاتەوە و

نەیهێڵێت، کچانێک دەتوانن لە پیاوان ئازاتربن ڕێگای ڕاست و شەرەفمەندانەیان گرتبێتە بەر. بەڵام هۆکار چیە زۆرینەی شێواندنی ژیانی کچان لەم مەملەکەتەدا لە خێزانەکانەوە دەست پێدەکات!؟

دابڕانێک لەلایەن دایک و باوکەوە هێدی هێدی منداڵ لەناو دەبا، نەزانینێک بۆ هەڵبژاردنی ژیانێکی باش بۆ کچەکان لە لایەن دایک و باوکەوە، ژیانی منداڵ لەناودەبات.!

سەیرە ئەم هەموو بەلاڕێدا بردنە سەرەتا بە هۆی دایک و باوکەوەیە.!

بەچاوانی پڕ بێ ئومێدی و ماندوو لە فرمێسک دووبارە هاتەوە گۆ.

- ژ:- ڕاز ئەو نهێنیانەی بۆتۆم درکاند ڕۆژانە هەزاران جار بەگوێی ژیانمدا دەچرپێنم تەنیا بە ئومێدی ئەوەی ڕێگا چارەیەکم نیشانبدا و ئەستێرەکان

بکـات بە ڕێنیشـاندەرم بـۆ دوونیـایەکی بـریقەدار لە جوانی و شکۆمەندی.

بەڵام بەداخەوەم کەسـێکی دڵسـۆز بەدی نـاکەم لە دەوروبەرم، ئەو مرۆڤانەی بەرکەوتنم هەیە لەگەڵیان ڕۆژانە پێشـبڕکێ دەکەن لەسـەر ئەوەی کامیـان بانگێشـت بکـرێن لەلایەن سـەرمایە دارێـک یـاخوود کەسێکی باڵا دەست لەم مەملەکەتەدا.! ئەوان هێندەی تر من دەخەنە قوڵایی ئەم زەلکاوی لەشفرۆشیەوە کە لەبەرگی مۆدێرن و ڕیکلامدا سیما و جەستەی خۆی حەشـاردراوە! تەواو بەو مانـایەی تـاوان لە بەرگـی ئاوریشـم نمـایش دەکەن.! مـن پـێم وایە گەشـتن بە ناوبانـگ هێندە کەم و بێنرخ نییە بەو ڕادەیە بچووک بکرێتەوە بۆ باوەشی نێرێکی ئەم نیشتیمانە.!

زۆرێک تەنیا کچان بەبێ ڕەوشت و بە نالەبار ناو زەند دەکەن، بەڵام زۆرێـک لە پیـاوانی ئەم نیشـتمانە

تینوی جەستەی کیژێکن پاکو بێ گەرد بێت هەتاوەکو بە جەستەی پیسی خۆیان پیسی بکەن، لە دوایدا ناوی بنێن سۆزانی و نەفرەتی لێبکەن!

ڕاز هاوڕێکەم، تەنیا ئامۆژگاری من بۆ تۆی پاک و بێگەرد لە دەستی نێرینەکان ئەوەیە کە بیر لە ناوبانگی لەو شێوەیە مەکەرەوە لەم مەلەکەتەدا، چونکە دەبێت جەستەت بە شێوەی دڵی نێرینەکان گەورە بکەیت و ڕوخسارت بە شێوەی نێرینەکان بگۆڕیت و لە دوایدا لە چاوی کامێرای تیڤیەکانەوە دژی پیاوسالاری بیت لەپاڵ مافێکدا بیت کە ناونراوە مافی ئافرەت.! زۆرێک لە ئێمە هەموو جەستەمان  بۆ پیاوانی سەرمایەدار نمایش دەکەین بەچی مافێک دەکرێ لە بەرەی مافێک بین بە ناوی ئافرەت، یان دەنگمان بڵند بکەین دژی پیاوسالاری کە لە هەمان کاتا خۆمان بەرهەممان هێناوە، تەنیا بۆ دەستکەوتنی پارە و ژیانێکی بەناو

خۆشی.! زۆرێک له پیاوان لەدەورمانن پیاوانی هەژار و مامناوەنــد لەگەڵ پیــاوانی ســەرمایەدار نــاوی هەژارەکانمان ناوە گێچەڵ کردن بە ئافرەت و ناوی سـەرمایەدارەکانمان ناوە شکۆمەندی و دەستکەوتنی هەمــوو حەزێک له ژیانمــان کە لەهەمــان کاتــا هەر کامێک لەوان لە ڕاستیدا خـۆی گـێچەڵە، بەڵام لەبەر دەستکەوتنی پارە ناتوانین بە سەرمایەداران بڵێین پیاوانی گێچەڵباز.!

کارکردنێک هاوشێوەی ئەم کارەی تۆ سەربەرز و شــەرەفمەندانەترە لە کارکردنەکــانی ئــێمە، بەڵام کۆمەڵگای ئێمە چاویان تەنیا مـن و هاوپیشـەکانم دەبینێـت و کچـانێکی وەک تـۆ بە کەسـی ئاسـایی دادەنـرێن و له خـوار ئـێمەوە سـەیر دەکـرێن کە لە ڕاستیدا شکۆ و کچ بونێکی ڕاستە قینەو کارکردنێکی سەربەرزانە لە ئێوەدا هەیە نەک ئێمە. دەمەوێت لێرە

بــڕۆم و دوور بــکەومەوە چیتــر ئــارامم نەمــا، زۆر سەختە مرۆڤ بخزێتە ئەو ئاستەی کە جەستەی خۆی وەک کاڵایەک ببینێت.

- ڕاز: ئەمــــڕۆ ( ژ...... ) زۆرشــــتی فێرکــــردم کە دەکرێت وەکو کچێک وەک مێینەیەک بیزانم و خۆمی لــێ بەدوور بگــرم.! ئامۆژگــاریەک بــوو بــڕوام وایە دەکرێ لە قوتابخانەکاندا کاتژمێرێکی بۆ تەرخان بکرێ و منـداڵەکانی داهـاتوو فێربکـرێن و هۆشـیار بکـرێنەوە لەم جــۆرە کــار و بازرگــانییە بە نــاوی دونیــای پێشــکەوتوو و ســەردەمی مــۆدێرنەوە، کە هەموویــان تــاوانن و خــراونەتە بەرگــی ئاوریشــمەوە بــۆ چــاوی کۆمەڵگـا و سـیمای جـوانی پێبەخشـراوە لە زۆرێـک لە تیڤیەکانـدا.! هێنـدەی کەمێـک توانیم لە ئازارەکـانی کەم بـکەمەوەو هـاوخەمی بـم و گوێبیسـتی وشـەکانی ببم، بڕوام وایە چیتر ئەو هاوڕێیە نابینمەوە کە بە ڕۆحێکی

پاک و جەستەیەکی پیسەوە قسەی بۆ دەکردم، ئەو جەستەیەی کە پیسکرا سەرەتا لەلایەن هاوڕێکانییەوە! لەبیرمە باوکم قسەی بۆ براکەم دەکرد و پێی دەوت کوڕم ئاگاداربە هەندێک هاوڕێ هەن کە خۆیان گیرۆدەی کارێکی خراپ و ناشرین بوون هەوڵدەدەن بتخەنە ئاستی خۆیان هەتاوەکو ژمارەیان زیادبکات و خۆیان لە خوارو تۆوە نەبینن.! من ئێستا گەورە بووم و ژیان قسەکانی باوکمی وەک شانۆگەریەک پێشکەش کردم.

بیردەکەمەوە بچمەوە قوتابخانە و دەست بە خوێندن بکەمەوە بۆیە نامەوێت لێرە و لە هاوشێوەکانی ئێرە کار بکەم، دەمەوێت بتوانم بەهۆی دەستکەوتنی زانست و بڕوانامەوە کارێکی باش بکەم لە شوێنێکی شیاودا، ئەو کاتەی ماڵەوە دەریان هێنام لە قوتابخانە بڕیاریاندا کە شوو بکەم تەمەنم چواردە ساڵ بوو لە

قۆنـاغی هەشـتی ناوەنـدی بـووم، زانیـاریم هەیە کە دەتوانم دەست بە خوێندن بکەمەوە و دەرفەتی ئەوە دراوە قوتـابی دابـڕاو دووبـارە خوێنـدن دەسـت پێبکـاتەوە. دەکرێـت لێـرە بەردەوامـبم هەتـاوەکو چارەسـەری خوێنـدن دەکەم چارەسـەری جێگـایەک دەکەم بـۆ مـانەوەم کارێـک پەیـدا دەکەم لە کارخـانەیەکی گونجـاو هاوشـێوەی کارخـانەکەی پێشووم.

ڕۆژ بە ڕۆژ دەکرێ زیاتر و زیاتر هۆشیاربم کە نەکەومە کارە خراپەکانی ئێرەوەو ژیانم هێندەی تر ڕەش نەبێت.

چەند مانگێک تێپەڕبووە و هاوڕێکەم نەبینیوەتەوە، لەو ڕۆژەوەی خەمو ناسۆرەکانی بۆ درکاندم چیدی نەم دیـوەتەوە، بیسـتم دەسـتی لەم کـارە ناشـرینە کێشـاوەتەوەو ئێسـتا لە مـاڵەوە هاوکـاری دایـکە

بەتەمەنەکەی دەکات و هەرچەندە ساڵانێک تێپەڕبووە بەسەر جیابوونەوەی دایک و باوکی هەوڵی ئەوە دەدا بەو تەمەنە زۆرەی دایک و باوکییەوە بیانگەڕێنێتەوە ئامێزی یەکتر و ئەمیش لە سێبەریاندا بحەسێتەوە و ئەوانیش لەسێبەری پڕ خەمی ئەمدا ئارام بگرن و ژیان بکەن. ڕۆیشتنم لێرە نزیک بۆتەوە و هەندێک هەوڵمداوە بۆئەوەی بتوانم لێرە بڕۆم بگەڕێمەوە شارەکەی خۆم و لەوێ بەردەوام ببم لە ژیان و کار بکەم لەپێناو بژێوی ژیانی خۆم.

هەر زوو دەستم لەکارەکەم هەڵگرت داوام کرد کە موچەکەی خۆمم بدەنێ و دەمەوێت بڕۆم لێرە، سەرپەرشتی کۆمپانیاکە ئاگاداری هەموو باس و سەختیەکانی ژیانی من بوو هەر ئەو ڕۆژە موچەکەی دامێ و هیوای ژیانێکی باشتری بۆ خواستم.

بە ئەسپایی وتی: زۆر ئاسودەم کە تۆیەکی پاک پیس نەکراو ڕانەکێشرایتە گونجی ئەم کارە پیسەوە.

لەدوای بازاڕکردنم بۆ هەندێک پێداویستی و جلوبەرگ بەڕێکەوتم بۆ شاری مندالّیم و هەر زوو لەوێ توانیم کارێک پەیدابکەم کە کاری فرۆشیاری جلوبەرگ بوو، ئەو فرۆشگایە جلوبەرگی گرانبەهای دەفرۆشت نەم دەتوانی لەوێ هیچ جلوبەرگێک بکڕم، من لەگەڵ دوو کوڕی گەنج ئەو فرۆشگایەمان بەڕێوە دەبرد یەکێک لە کوڕەکان تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بوو ئەوی تر بیست ساڵ بوو فرۆشتنێکی باشمان هەبوو فێر کرابووین کە میوانەکان دێن دەبێت سەرنجیان ڕابکێشرێ و هەموو هەوڵێک بدەین بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ پارچەیەک جل و بەرگ بکڕن، لەدوای کار کردن شەوان دەچوومە قوتابخانە و دەمخوێند، ڕۆژێک خاوەن کارەکەم بانگی کردم و

چووینە قاوە خانەیەک لەو شوێنەی فرۆشگاکەی لێبوو کە شوێنێکی ڕاقی بوو هەموو شتومەکی ئەو تەلارە گرانبەها بوون بۆ مرۆڤە مامناوەند و هەژارەکان. دانیشتین قاوەمان دەخواردەوە و زۆرێک لە قسەی بەرز و جوانی بۆ کردم و سوپاسی ماندوو بوون و کارکردنی باشی کردم لە دوای زۆرێک لەم پیاهەڵدانانە.

پێی وتم: ڕاز تۆ بۆ چی لە فرۆشگاکە دەمێنیتەوە؟ بۆچی داوای ئەوەت لە من کردووە کە شوێنی مانەوەت بۆ دابین بکەم؟ منیش بە هۆکاری ئەوەوە هەموو کات دەبوایە باسی ژیانی خۆم بکەم و کورتی بکەمەوە تەنیا بۆ ئەوەی کە لەماڵەوە هەڵ هاتووم لە ترسی ئەوەی نەمکوژن ئیتر هەر دەبوایە ئەو باسە بکەم دووبارە برینم دەکولایەوە و هەموو ڕابردووە ناخۆشەکانم دەهاتەوە یاد، بەڵام خاوەنکارەکەم ئەم

باسەی قۆستەوە و کردیە دەلیلێک بۆ کەسایەتیم و وای لێکدایەوە کە من کچێکی خراپ و بێڕەوشتم! نەک هەر هاوکاری نەکردم و هەستی مرۆڤانەی نەجوولا و دەستی برایەتی و هاوکاری کردنی بۆ درێژ نەکردم لە پای ژیان وێرانیم، لەدوای ئەو ڕۆژەوە داوای زۆر سەیری لێ دەکردم و کەمێک موچەکەمی زیاد کرد و پێی وتم  تۆ زۆر جوانی هەرچیت دەوێ دەدەمێ بەلاّم تەنیا با یەک ماچی ئەو لێوانەت بکەم! زۆر بێ شەرمانە زۆر دڕندانە داوای دەکرد، لە خەیالّی ئەودا ئەم ڕازە چۆک دادەدا لە پێناوی پارە!

هەموو کات ڕەتم دەکردەوە و نەمدەتوانی بە ئارامی کارەکەم بکەم، زۆر هەولّمدا کە کارێکیتر پەیدابکەم لێرەش بڕۆم، بەلاّم دەستم نەدەکەوت، لەبەر قوتابخانە نەم دەتوانی ئێرە بە جێ بێلّم! چوار سالّ ئاوا بەردەوام بووم تەمەنم گەورەتر بوو چوار سالّ بەو

هەمـــوو شـــكاندنی مرۆڤبـــوونەم ئـــارامم گـــرت، نەم دەتـوانی بـۆ یەک سـات ئـارامی ببیـنم لەو كـاركردنە، بەهـۆی حەزی خـاوەن كـارەكەم بـۆ مـن و حەزێكـی ناشـــرین تەنیـــا بە هۆكـــاری ئەوە مـــن دوورم لە خێزانەكەم و هەڵهاتووم!.

سـەیرە دەكـرێ پیـاوانی ئەم مەملـەكەتە هەمـووی وابـن، نـا بـڕوام وایە پیـاوانێكی وا بونیـان هەیە لە ئەڵمـاس بەنرختـرن، بەشەخسـیات و بە مانـای مـرۆڤ مرۆڤن، بڕوام وایە پیاوانێكی واهەیە ئافرەت بە بەرزی سەیر دەكەن، جوانتر لە هەموو جوانییەكان ئافرەتیان لا جـوانە، بـڕوام وایە ئەوان هەرگیـز نایـانەوێ كـچ بوونی هیچ كچێک تاڵ و تاریک بكەن نالەباری ژیانی هـیچ ئافرەتێـک نـاقۆزنەوە بـۆ ئەوەی حەزی نێـرینەی خۆیان بەتاڵ بكەنەوە بەسەریدا!

ئایـــا ئەوان لە کـــوێن بـــۆچی هێنـــدە بەدبەخـــتم بەرکەوتنێکم نییە لەگەڵ ئەواندا و ناشزانم کێن هیچ لۆگۆیەکی پاکی بەیەخەیانەوە نییە هەتا من بتوانم جیایان بکەمەوە! من کە ناتوانم بچمە کار خانەو میوان خـانە و فرۆشـگا و مـزگەت و کەنیسـە و دەزگـای پاراستنی ئافرەتان هیچ شوێنێک لەم نیشتیمانە!

منێک دەکرێ ڕوو لە کوێ بکەم؟!

دەکرێ بچمە سێبەری چ مرۆڤێکی ئەم نیشتیمانە بۆ ساتێک ئارامی هەڵمژمە ناو ژیانمەوە!؟

ئەو پیاوانەی تەواو پیاون بۆچی هیچ لۆگۆیەک بە یەخەیـانەوە نیـیە بـۆچی؟! پێویسـتە ئـاوابن هەتـا مرۆڤەکان بیان ناسنەوە.

ئایا ئافرەتـان بۆ وانین ئەوانیش وەکو پیاوان جیا ناکرێنەوە، ئەو ئافرەتگەلەی لە پیاوان دڕندەتر نیازیان

وابوو بمفرۆشن و بمکەنە کاڵا و پارەم پێ پەیدا بکەن بۆ مرۆڤەکان نایان ناسنەوە؟!

من پێم وایە دەکرێ هەموو تاوانکارەکان سڵکەنەوە لەوەی کیژێک کە دەبێتە قوربانی دەستیان، ڕۆژێک بێت ناو و ناوبانگیان بە خەتێکی ڕەش و تاریکتر لە مرۆڤ بوونیان بنەخشێنێ لە پەڕتوکێکدا، یاخود بیاندەنە دەست نوسەرێک بۆیان بکاتە ڕۆمانێک، دەکرێ هەریەک لە مرۆڤەکانی ئەم نیشتیمانە لەوە بترسن کە تاوانیان بەرامبەر کیژێک، مرۆڤێک ئەنجامدا چاوەڕوانبن ناوەکانیان لە پەڕتووکی مێژووی ڕەشی نیشتیمان و مرۆڤە تاوان کارەکاندا بنوسرێت.!

ئازاردانی مرۆڤێک هێندە ئاسان و بێئەنجام نابێت، ئەو کارگانەی سەرقاڵن بە دروستکردن و بەلادارێبردنی کیژ و کوڕەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەکرێ

ڕۆژێـک چـاوەڕوانی ئەوە بـبن یاسـا تـۆڵەی هەمـوو قوربانییەکانیان لێ وەربگرێتەوە.

نـاو و ناوبانگیـان بکەوێـتە بەر ڕەحمـی نـوکی پێنوسـی نوسـەرێک و بـۆ هەتـا هەتـایە لە نـاو کاغەزەکانی بەردەمیدا بیان چەسپێنێ!

هێـدی هێـدی هاوپیشـەکانم هەسـتیان بـۆم زیـادی دەکرد، من نازانم ئەو دوو کوڕە نیازیان چی بوو، من ڕێگری خۆشەویستی نیم بەڵام لەم کۆمەڵگایە هەموو شت ترسناکە ئەگەر نا دڵێک بە ڕاستی کەسێکی بوێت بۆ نا زۆریش خۆشە پیاوێک بەڕاستی خۆشی بوێیت، زۆر ئارامبەخشە زۆرێک لە مەحاڵ بکات لە پێناوت و کەسێکی جوان و گرنگ بیت لە ژیانی نێرێک، نا نا لێرە کەمێـک لەو پیـاوانە دەسـت دەکەون و کیژێـک لە گرتنەوەی قاوەیەکدا پیاوانی وای بۆ دەردەچێت. هەتـا

دەتوانم بڵێم من نەک لێرە لە هیچ جێگایەک ئارام نیم و بە پەیوەندی هیچ کەسێک دڵخۆش نیم.

هەموو ئەمانە تولیان دەکێشا و بەردەوام بوون بە درێژایی ئەم چوار ساڵە. هەموو ژیانم کورت دەکەمەوە هەوڵدەدەم زۆر بە ئاسانی هەمووی باس کەم، ئەگەر نا چوار ساڵ و ئەو ژیانەی تێیدا دەژیام لە گێچەڵی نێرینەکان ئاوا ئاسان نییە بیان کەمە چەند پەڕەیەک و بەیانی کەم.

نمرەکانم وەرگرتەوە و لە کۆتا ساڵی خوێندنی قۆناغی دواناوەندی ئەنجامێکی باشم هەبوو، دڵخۆش دەبووم لە زانکۆ وەربگیرێم و بە هێواشی هەنگاو هەڵ بێنم بۆ ئامانجەکەم و بۆ خۆشبەختی، هەموو ئەمانە و داهاتوو لە خەیاڵم نەخشاندوومە، خەیاڵ نەخشێنەری دوونیای مرۆڤەکانە، هێڵکاری خەیاڵ بە شێوەیەکە کەمترین کاتی دەوێ بۆ دروستکردنی و زۆرترین

کــــاتی دەویَ بـــۆ ئەنجـــام دانـــی. خەیـــاڵ تەواوی جوانییەکــــان دەبەخشـــێتە مــــرۆڤ، لەو ســــاتەی بیردەکەیتەوە و خەیاڵ دەکەیت بۆ ئەنجامێکی ژیانت، خەیـــاڵ لەوکاتەیـــا دەبێـــتە تـــۆ و لە بەرامـــبەرت ڕادەوەستیَ وەک ئاوێنە چۆن مرۆڤێک دەکا بە دوو خەیاڵ مرۆڤ دابەش دەکا بۆ دوو مرۆڤ هێدی هێدی لەوە تێـدەگا جـوانترین مرۆڤـی گەردوون خەیـاڵە کە دێتە ڕووت و قسەت بۆدەکا.

خوێنـدنی زانکـۆم دەسـتپێکرد و ڕۆژانە دەچـوومە دەوام و لە هەوڵـی ئەوەدا بـووم زۆرتـرین زانسـت بەدەسـت بێنم لە مـاوەی ئەم چـوار ساڵەدا و بتـوانم ژیانێکی شایستە بژیم، چیتر نەگەڕێم و نەخولێمەوە بۆ پەیداکردنی تەختەی خەویَک و ناچار نەبم هەموو کات بۆ خاوەنکارەکان باسی ژیانم بکەم. ڕۆژانە دەمبینی ئەو کــچ و کــوڕانەی لە بــاخچەی زانکــۆ و لەســـەر

تەخــتەی دانیشــتنەکان و لە نزیــک گوڵەکــان بەڵێنــی داهاتویەکی جوانیان بەیەک دەدا، ئارام دەبووم هێدی هێدی دڵم باڵی دەگرت، من پێم وابوو جوانترین کار ئەو نازکێشــانە بــوو کە لە کوڕەکــانم دەبینــی و نــازی کیژەکانیــان دەکێشــا. چەنــدە جــوانە پیــاوان نازکێشــی کچەکان بن، چەندە جوانە کچانی ئەم کۆمەڵگایەی من ڕێز و شکۆیان هەبێت لە لای نێرینەکان چەندە جوانە! بەڵام زۆرێک لەوانەی من ئەم بینی وا دەرنەدەچوون کچانێــک شـــەوانە لە شـــوێنی مانەوەیـــان لە زانکـــۆ فرمێســکیان دەڕشــت، ڕۆژانە مــن دەم بینــین بێــزار و دڵشکاو دەبوون یەک لە دوای یەک کە گوایە کوڕانی نـــاو ژوانەکانیـــان ئازاریـــان داون و درۆیـــان لەگەڵ کردوون و فریویان داون!

باشە دەکرێ پیاو نەگۆڕ بێ؟ چیتر ناکرێ ئومێدم بە پیاوانی ئەم نیشتیمانە هەبێ یانیش وەک زۆرێک دەیان

وت نسـیب و چارەنوسـە جیامـان دەکـاتەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ و ساڵ بە سـاڵ زیـاتر درکم بەوە دەکرد زۆرێک لەم قوتابیانە بە کچ و کوڕانیانەوە، هەرگیز بۆ زانست و فێربـوون نەهـاتوون! سـەیرە لێـرەش گـێچەڵ کـردن هەر هەیە! سـەیرە کیژانـی ئەم زانکـۆیە ڕوخسـار و جەستەیان دەگۆڕن بۆ نێرینەکان، سـەیرە پیاوسـالاری لە ناخی یەک بەیەکی ئەم قوتابیانەدا هەیە!

زۆر سـەیرە کچانێـک لێـرە هەن چـاو دەگێـڕن بـۆ کوڕانێـک کە دەوڵەمەنـدبن هەژارەکـان بە کەسـانی بێزارکەر و نالەبار دەبینن، دەکرێ بڵێین لێرە پیاوان تاوانبارن بە تەنیا! نا کچانێکی وا لەم زانکۆیەن تەنیا هـاتوون بـۆ نمایشـی جل و بەرگەکانیـان و جەسـتە و ڕوخسـاریان، ئەوان بـۆ زانسـت نەهـاتوون، زۆرێـک لە قوتابییەکان بۆ دەستکەوتنی پیاوێک یان کچێک هاتوون نەک زانسـت، ئەم ڕازە چاوەکـانی ڕۆژانە ئەمـانەی

دەبینی زیاتر دڵنیا دەبوومەوە ئەم کۆمەڵگایە هەرگیز نابێت پشت بە گەنجەکانی ناو زانکۆکان ببەستێت بە پێچەوانەی هەموو کۆمەڵگاکانی ئەم گەردونەوە.

کچ و کوڕی هێندە جوان لێرە هەن پێناسە ناکرێ من ناتوانم هەرگیز پێناسەی ڕەوشت و شەخسیاتیان بکەم، بەڵام بەداخەوەم بەهۆی زۆری مرۆڤە خراپەکانەوە ئەوان هێندە کاڵ و ونن مرۆڤ بە ئاسانی ناتوانێ جیایان بکاتەوە هەتا لە نزیکەوە لەگەڵیان نەژی خراپەکاری و حەزی کاتی و ئاواتی ناشرینی زۆرینەیان لێرە بە تەواوی باڵی بەسەر زانکۆ و باخچەکاندا کێشاوە.

لە وێزگەکانی ژیانمدا زۆرێک لە تاوانم دیوە لە بەرگی ئاوریشم، من نامەوێ لەناو ئەو بەرگە جوان و سەرنجڕاکێشەدا بمێنەوە و تەنیا کاری ناشرین و خوو

و ڕەفتــاری نالەبــار و تاوانەکــان بــکەونە بەر دیــدی مرۆڤەکان.

دەکـــرێ بـــۆ مرۆڤەکـــانی ئێســـتا و داهـــاتوش ڕوونبکەمەوە لەم مەملەکەتەدا زۆرێک هەن بە ماسکی جـــوان و بەرگێـــک لە ئاوریشـــمەوە نمـــایش دەکەن هێنـــدەی ژەهرێـــک مەترســـیدارن بـــۆ مرۆڤەکـــانی ئەم کۆمەڵگایە.

کچێک بووە بە هاوڕێم ناوی(چ......) کچێکی ناسک و دڵپاک پڕاوپڕ لە جوانی ئەو گرنگی بەمن زۆر دەدات هـــاوڕێیەکی باشـــە، لێـــرە کەم لە مرۆڤەکـــان هەن هاوڕێیەتیمـــان بـــکەن ئەویـــش وەک مـــن هەژارە، بەڵام ئەو زیـــاتر لە مـــن لە خـــودا نـــزیکە و ســـەرپۆش و جلوبەرگی تایبەتە بە دینەکەیەوە کە ئیسلامە.

زۆرکـــات دەردەدڵ لە لای یەکتـــری دەکەیـــن، منـــیش خەمەکـــانمی بـــۆ بـــاس دەکەم و هەســـت دەکەم ئەو

خوشــکێکە بــۆ مــن، مــن بە هــۆی ئەوەی کــاردەکەم کەمێـک دەتـوانم بژێـوی ژیـانم دابـین بـکەم بەڵام ئەو بەداخەوە کە توانـای کڕینـی زۆرێک لەو شـتانەی نیـیە کە دەکرێ قوتابیـان بیکـڕن، یـاخود بـۆ ڕۆژانەی خـۆی بڕە پارەیەکی گونجاو سەرف بکا!

بەڵێـنم پێـداوە مـن خوشـکیبم و ئەو پـارەیەی بـۆم دەمێنێـــتەوە لە کـــارەکەم بیکەیـــنە دوو بەش وەک خوشـک. هێنـدە شــەرمنە زۆر کـات ڕەتیـدەکاتەوە ئەو بــڕە پــارەیەم لێــوەربگرێ تکــادەکەم لــێم وەربگــرێ هەموو کات لە دوای ماندوو بونێکی زۆر بە شەرمێکی شــەرەفمەندانە و ســەربەرزانەوە وەری دەگــرێ. بــڕوا ناکەن کە چەندە دڵخۆشم بە ڕازیبوونی ئەو کە چەندە ئاســودەم بەوەی ڕازی دەبێــت کە وەری بگــرێ مــن فێربــووم کە هەژاری مــرۆڤ دروســتدەکات مرۆڤێـک تــۆکمە تــر لە پــۆلا، دڵێکــی گەورە دروســت دەکــات،

متمانەبەخۆبوون بەرهەم دێنێ. ئێمە زۆرینە هەژارین هەر یەکەمان لە شتێک دا، مرۆڤ هەیە لە شەخسیات و شەرەف دا مرۆڤ هەیە لە پارە وماڵی دونیادا مرۆڤانێک هەن لە نامرۆڤیدا....هتد

لە کافتریای زانکۆ تێپەڕبووم گوێبیست بووم لەوەی کیژێک بەوانی تری وت، ئەم کچە لە مەرحەلە یەکەوە ئەو جلانەی لەبەردایە! هەندێک گەڕامەوە و بە ئەسپایی پێموتن بەڵێ وایە و زۆریش ڕاستە، بەڵام ئێمە بۆ نمایشی جلوبەرگ و لەش و لارمان نەهاتوین بۆ ئەم شوێنە، ئێرە جێگای زانست و زانیارییە، پێدەچێ بۆ کەسانێک شوێنێک بێت بۆ نمایشی جەستە و دۆزینەوەی پیاوێکی دەوڵەمەند.! هەندێک کات بە دەستی مرۆڤەکان ژیان و دڵمان وێران دەکرێ بەداخەوە لەم نیشتیمانە دەکرێ ئێمە بێدەنگ بین و کەسانێک بێنە گۆ کە هیچ جۆرە لە مرۆڤبوونیان

تێدانییە، دەکرێ کچانێک بکرێنە شاجوانی شارەکانی ئەم نیشتیمانە جوانبن لە ئەدەب، لە ڕۆشنبیری، لە فکر و مرۆڤ بوون، نەک بە جەستە بڕیاربدەن.

دەکرێ من چارە ڕەشبم یاخوت تەواو ئەم جیهانە وا شێوابێ جێگەی منی تێدا نەبێ و دەرفەت نەبێت بۆ ساتێک حەسانەوەم. زۆر بیری دایکم دەکەم بڕوا بکەن وەختە باڵ بگرم وەختە ڕۆح لە جەستەم بێتە دەرەوە و بگاتە لای دایکم، بڕوا بکەن هەست بەبێ نازی دەکەم، ڕاستە گەورە بووم و دەتوانم لەسەر پێیەکانی خۆم بوەستم، بەڵام ئێستاش وەک ڕازەکەی جاران ئارەزومە دایکم چیرۆکم بۆ بگێڕێتەوە و پرچم شانە بکات و بە عەزیە تازەکەمەوە خۆم بسورێنمەوە و نازی بەسەردا بڕژێنم. هەرکات دڵتەنگی و ژیان هێرشم بۆ دێنن تاکە مرۆڤ بیری لێدەکەمەوە دایکمە، منداڵ ئەگەر بیزانیایە جەرگ واتای چی لەلای دایک و

باوک هەرگیز بۆ چرکە ساتێک نە دوور دەکەوتەوە نە ئازاری دەدان، ئەگەر دایک و باوک بیزانیایە مانای ئەوان چییە لەلای منداڵ و پێویست بوونی مانەوەیان چیە هەرگیز نەدەمردن نە وندەبوون.

ژیان لەگەڵ دایک و باوک واتا ژیانێک لە خۆشترین جێگای ئەم گەردونە واتە خۆشبەختی واتا دڵخۆشی.
بێزارکـــردنم لەلایەن زۆرێـــک لە قوتابیـــانی نـــاو زانکۆکەمان منی گەیاند بە ئاستێک پڕاوپڕ لە دڵتەنگی، بەڵام کەسانێکی باش وایان کردبوو ئارام بگرم و بەردەوام ببم لە خوێندن و بەدەست هێنانی ژیانێکی شایستە بۆ داهاتووم من بەردەوام دەچوومە ناو باخچە بچوکەکەی تەنیشت کافتریاکە و لەوێ زۆرێک لە خەیاڵەکـانم دروســت دەبــوون و هەوڵــی ڕێــک خســتنیانم دەدا کوڕێـک لە نـزیکم دانیشــت لە دوای

کەمێک پرسی بە ئەرک نەبێ دەتوانین گفتوگۆیەک بکەین؟

کورێکی باش دیار بوو ڕێک پۆش و بەڕێز بوو.

-ڕاز: فەرموو، بۆ نا براکەم.

لە دوای کۆمەڵێک پرسیار و ڕاو بۆ چوون لەسەر بابەتی ناو زانکۆ و چۆنیتی وانەکان، بۆم دەرکەوت لە هەمان بەشی منە، داوایکرد ببینە هاوڕێ من هەرچەندە دوودڵ بووم ترسێک لە ناخمدا هەبوو بڕیارمدا قایل ببم بەوەی ببینە هاوڕێ، هاوڕێیەتی بۆ هەموو تەمەن و کات و زەمەنێک پێویستە، لەم کۆمەڵگایەی مندا هەموو شت ترسێنەر و ترسناکە مرۆڤ لێرەدا دەکرێ هەموو کات ئاگادار بێت، ڕۆژانە بۆ چەند کاتێک یەکتریمان دەبینی هاوڕێکەم ( چ...... ) نەدەهاتە لام ئەو کاتانەی لەگەڵ ئەو کورەدا یەکمان دەبینی هۆکارەکەیم نەدەزانی بەڵام بەڕای من کلتور و

دینەکەی ڕێگەیان نەدەدا تێکەڵاوی نێرینەکان بکات بەشێوەیەک تێکەڵ ببێت لەگەڵیاندا. هێدی هێدی لەو کوڕە نزیک دەبوومەوە قسەکانی وایان دەکرد ئارام ببم هەست بە ئاسودەیی بکەم زۆر کات بۆی باس دەکردم کە ژیانی بە سەختی تێپەڕاندووە لە هێڵێکی هەژاری زۆر خراپدا، ئێستا باشترە ژیانیان مامناوەندە، بۆی باس کردم کە متمانە بە زۆرێک لە کیژەکانی ئێرە ناکات بەکەسانی مەسڵەحەتچی و چاوچنۆک بۆ پارە وەسفی دەکردن، هۆکاری نزیکبوونەوەشی لە من ئەوە بووە کە دەیوت زۆر کات بینیومی و کەسێکی سادە و بەڕێز هاتویتە بەرچاوم و پێم خۆشبوە ببمە هاوڕێت سێ مانگ تێپەڕ بوو بەسەر هاوڕێیەتیەکەی من و (ک......) ڕۆژێک لە کافتریای زانکۆ قاوەیەکی بۆ بانگ کردم و پێشنیاری خۆشەویستی بۆ کردم و داوای کرد پەیوەندیم هەبێت لەگەڵیدا کە گوایە هەستی

خۆشەویستی لە دڵیدا دروستبووە بۆ من بەو وشەیە تاسام نەم دەتوانی هیچ بڵێم، کەسیکی ئاوا باش و بەڕێز داوام لێدەکات ئایا چی بکەم؟!

نایشارمەوە هەستێک لە ناخمدا دروست بوو نەمدەتوانی ڕەتی بکەمەوە بە هۆکاری باشی ئەو وشە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ مندا و شەخسیاتی ئەو کوڕە کاری کردبووە سەر دڵ و دەروونی ئەم ڕازە، من ناتوانم لەو ڕاستیە خۆم لادەم کە لە ناخمدا دروستبووە وەک کیژێک بەرامبەر بەو کوڕەی وشەکانی کارێکیان کردووە تەواوی دونیای منیان داگیر کردووە، ئەم ڕازە هێندە لاوازە ناتوانم خۆم ڕابگرم لە بەرامبەر کۆمەڵە وشەیەک سەیرە ئێمەی مرۆڤ هەرچەندە بەهێز بین ڕەگەزی بەرامبەر دەتوانێت ترپەکانی دڵمان خێراتربکەن و ئاڕاستەی خۆشەویستیمان بە ڕووی خۆیاندا بکێشن و

ڕاپبکێشـــن، تەمەن زۆر لە خۆشەویســـتی لاوازتـــرە، هەرگیز تەمەن ناتوانیت ڕکابەری لەگەڵ خۆشەویستی بکـات، هەر کـات خۆشەویسـتی بـیەوێ گـوێ نـادەتە تەمەن و دڵێک کە تەمەنی سـەد سـاڵیش بێت ڕاپێچی دەکــات بــۆ نیشــتیمانی خۆشەویســتی خــۆی، زۆر سەرســوڕهێنەرە ئەم کــارە خۆنەویســتە زۆرێــک لە کەسـەکان نازانێـت چـۆن ئاشـق بـووە نازانێـت چـۆن پێیەکـانی ئـاڵاوە لە داوی خۆشەویسـتی کەچـی هەتـا چەمـانەوەی پشـتی بەهێـزی خـۆی لەیـادی ناکـات و ناتوانێت ئەو ساڵ و ساتانە هەرگیز لە نـاو یادەوەری خۆشەویسـتی خۆیـدا فڕێبدات و بیسـڕێتەوە، ئافرەتـان بەتەنیـا چەکـی بێهێزکردنـی پیـاوان نـین، پیـاوانیش چەکێکن بۆ بێهێزکردنی ئافرەتـان و داگیرکردنـی دڵ و هەســتیان، هەر چــۆن پیــاوان بــۆ ئافرەتــان بێهێــزن ئافرەتانیش ئاوان ئێمە هەموومان مرۆڤین خودا دڵێکی

پێبەخشیوین داوادەکات بۆ هاتنە ناوەوەی مرۆڤێک بۆ ناو دڵمان، ئەم توانی هیچ وەڵامێکی بدەمەوە و ڕۆشتم چوومە باخچەکە و لەو گوڵانەم دەڕوانی کە دەستی مرۆڤەکانی پێنەگەشتبوو، نە وەریبوون نەلاواز و ناشرین ببوون نەژاکاوی دەستێکی ترسناک و خیانەتکار بوون ئەوان وەک سەرەتا جوانییەکەی خۆیان لەدەست نەدابوو نە گۆڕابوون هاوشێوەی ئەو مرۆڤانەی چەندە تەمەنیان زیاد بکات جوانتر دەبن جوان ببوون. هەستم بە بریقەی پەڕەی گوڵەکان دەکرد لەگەڵ تیشکی خۆرەکەدا خۆیان نەخشاندبوو لەم گەردوونەدا. دایکە لەدوای چەند ساڵ خۆم دەتوانم بڕیار لەسەر دڵی خۆم و هەڵبژاردنی کەسێک بدەم، ئەمە جێگەی دڵ خۆشی نییە بۆ من کە ئێستا ئازادانە دەتوانم خۆم بڕیاربدەم، من دەمویست تۆ فێرت بکردمایە چۆن بڕیاربدەم، ئارەزووم بوو هەڵسەنگاندن

بۆ هەموو دەوروبەر بکەم، وشەی ناسک و جوان لاوازم نەکات لە بڕیاردان، من هیچ لە بڕیاردان نازانم دایکە من فێر نەکراوم کە بڕیاربدەم لە سەرەتای منداڵیمدا تەنیا بڕیارم جێبەجێ کردووە هەتا ئێستا، لەماڵەوە لەگەڵ ئێوە لەگەڵ ئەو پیاوەی منتان پێدا و شوویەکی جەرگبڕتان بۆ ڕێکخستم، لە سەر کارەکانم هەتا ئێستا تەنیا بڕیاری ئەوانی تر جێبەجێ دەکەم منێک نازانم بڕیاربدەم فێر نەکراوم چۆن بڕیاربدەم ڕاستی بڕیاردان لە کوێدایە دایکە من ئێستا چی بکەم؟ دایکە تۆ ناتوانی ئاوا من فڕێ بدەی دایکە هەر هیچ نەبێت لە شەوێکی تەواو تاریک و بێدەنگدا وەرە و ببە میوانی خەونێکم وەرە و پێم بڵێ من پێویستە چۆن ژیان بکەم من مافی خۆمە داوابکەم فێربکرێم، ئەم ڕازە هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەو زەرنەقوتانەی فێری فڕین نەبووە و دەبێت دایک و باوکی فێری

بکەن، دەوەرەو میوانمبە تەنیا خەونێک هەموو ئەمانەم فێربکە و برۆ و چاوەڕوانبە هەتا ڕۆحم دێتە لات و دەڵێ دایکە قوربانی تاڵ بەتاڵی زوڵفی سپی وەک بەفرت بم. نامەوێت بڕیاربدەم پێم باشە ئارام ببم بیربکەمەوە، رۆژانە (ک...... ) داوای دەکرد کە من وەڵامێکی بدەمێ گوایە ناتوانێت ئۆقرە بگرێ لە چاوەڕوانیدا!

بڕیارمدا بڵێم بەڵێ منیش خۆشم دەوێیت و هەستی خۆم بڵێم لە ڕاستگۆی زیاتر نەمدەتوانی هیچی تر بکەم چونکە ڕاستی ئەوە بوو هەستم هەبوو بۆی زۆر دڵ خۆش بوو بە قایل بوونم بە داواکەی، خۆشەویستی من و ئەو تولّی کێشا بۆ دە مانگ و چوومە ناو قۆناغێکی نوێی خوێندنەوە، زۆرم خۆشدەویست ئومێدی ئەم کیژە بێکەسە تەواو ئالا

بـوو لەو پیـاوەی لە دڵەوە خۆشـم دەوێت نـاتوانم بـۆ یەک چرکە خەیاڵ و بیرم لەلای بڕواو یادی نەکەم.

هەسـتم بە شـتێکی زۆر سـەیر کـرد لە(ک...... ) دەیویسـت داوای شـتێک بکات نەی دەوت زۆر ئـازاری دەدام دەمویسـت هەرچـی دەوێ بـۆی بـکەم تەنیـا ئەو دڵتەنـگ نەبێت، تەنیـا بتـوانم دڵ خۆشـی بکەم، هەچـی بـووێ بـۆی دەکەم. چەنـد ڕۆژێـک ئـاوا بەردەوام بـوو داوای کـرد بچینـە دەرەوە و لەوێ ئەوانەم پـێ بڵـێ کە دەیەوێ ئۆتۆمبێلی هاوڕێکەی هێناو چووینە دەرەوە.

کە دەمبینـی ئۆتۆمبێـل لێـدەخوڕێت و چاوەکـانی سەرقاڵی دەوروبەر و شەقامەکە بووە هێندەی تـر لێم دەڕوانـی هێنـدەی تـر ئاشـقی دەبـووم هێـدی هێـدی جێگـای زیـاتری دەکـردەوە لە نـاو دڵـم، ئەو شـەماڵەی دەهـات و بەسـەر ڕوخسـار و زوڵفمـا و بەجۆرێـک ئاوازی خۆشەویستی دەژەند نەم دەویست بڕوا!.

گەیشتینە شوینێک زۆر چۆڵ من لە شوێنی چۆڵ دەترسم کە مرۆڤی لێ نەبێ هەر مرۆڤیشە دەم ترسێنێت.

- ڕاز: ئازیزم با لێرە بڕۆین من ئارام نیم لێرە.

- ک: نا من دەمەوێ لێرە هەموو ئاواتەکانمت پێبڵێم و ئەم شوێنەیە بە دیهێنەری ئاواتی من.

کە ئەو قسەیەی کرد دەمویست هەتا مردن لەوێبم چونکە ئەو ئێرەی دەوێ من ناترسم و منیش نامەوێ لێرە بڕۆم. هاتە قسە کردن چی وت! سەیرە نازانم لەم کاتەشدا کە چەندە تێپەڕبووەو چەند ساڵێک لەمەو بەربووە نازانم چی بنوسم بەو شێوەیە تاساوی دەستی ئەو کوڕە و حەز و داواکانی بووم! داوای دەکرد ئەو لەگەڵ من حەزی نێرینەی خۆی بەتاڵ بکاتەوە بەسەر ئەم ڕازەدا بەسەر ئەو کچەی تەواوی ژیانی لە نەهامەتی بەڕێکرد بەس بۆ ئەوەی هیچ

نێرێک نەتوانێ ئەوەی بەرامبەر بکا، لە باریکترین هێڵی هەژاری ژیا بە هۆکاری ئەوەی قبووڵی نەکرد نێرێک بەبڕە پارەیەک وەکو کاڵا سەیری بکات وەک بوکەڵەیەکی یاریکردن یاری بە هەست و شەرەفی بکات یاری بە ئافرەتبوونی بکات!.

فرمێسکەکانی چاوم ڕێگربوون لە بەردەم قسەکانم نەمدەتوانی قسە بکەم نەمدەتوانی بێ ئومێدی خۆم لەو پیاوە دەرببڕم.! لە بێدەنگی من و گریانم وای هەستکرد کە قایلم بەڵام دەترسم!

دەستیدا لە گیانم وەک ئاژەڵە دڕندەکان دەم و کەلەی هێنایە پێش بۆ سەرسنگم!

ترس لە هەموو شت ترس لە خۆشەویستی جێگای باوەڕ نییە، بەڵام لێرە دەکرێ هەموو بترسین کە خۆشەویستی کەسێک بین مرۆڤەکان ڕقیان لێمان بێت ئارام بەخشترە لەوەی کوڕێک خۆشی بوێین پیاوێک

بمان دوێنێ، هەر چۆنێکبوو دەرباز بووم لەژێر چنگی خیانەتی نا مرۆڤی ئەودا، داوام لێکرد کە وازم لێبێنێت مـن نـامەوێ ئەوە بـکەم بەڵام کـۆڵی نەدا و زیـاتر دەیویسـت ئەو کـارە ناشـرینە بکـات لەگەڵ مـن، دایکـم دووبـارە بە دووعاکـانی دەربـازی کـردم لەو کـوڕە تـوانیم هەڵبـێم بیـرم دەکـردەوە مـن گەڕامەوە خـاڵی سەرەتا دووبارە هەڵهاتنەوە!

سەرەتا بۆ یەکەم جار هەڵهاتم گەڕامەوە ماڵی باوکم چـووومەوە ئەو لانەیەی بـۆمن ئـارامترین جێگـای سـەرزەمین بـوو، بەڵام بـراکەم پێـی وتـم کە ڕۆحـم لە جەستەم جیا دەکاتەوە و دەمکوژێ، ئێستا بگەڕێمەوە ماڵەوە ئەگەر هاتو لەو ماڵە کۆن و بچکۆلەیەی جاران مابن، ئەوا دووبارە براکەم هەوڵدەدات بمکوژێ و ئەم جارە لە ژێر دەستی ڕزگارم نابێت.!

ترس لەو جێگایەی نازی منداڵیت تیایدا نۆشیوە ئازاربەخشە، هەر کام لە ئێوە شانازی دەکەن بەو شوێن و ناوچەیەی منداڵیتان بەڕێکردوە تیایدا، بەڵام ئەم ڕازە لێی دەترسێت، ئاوارە و هەڵهاتووە لەو ماڵ و ناوچەیە خودا دەکرێ تاوانباربم من؟ زۆر کات بیر لەو کلتورە دەکەمەوە کە کچانێک باجەکەیان داوە کچانێک بوونەتە ئەو پەردە و درێژەی پێ دراوە فرۆشتنی کچانی ئەو نیشتیمانەی من بۆتە کلتور بەناوی دروستکردنی ژیان لەگەڵ نێرێک دا! زۆر سەیرە لەم مەملەکەتە کچ شەرەفە و دەشفرۆشرێت! ئایا ئەو باوکانەی کچەکانیان بەناوی شووکردنەوە دەفرۆشن بیریان لەوە کردۆتەوە؟ بڕوام وایە ئەوانیش باجی مرۆڤەکانی پێشتر دەدەن و فێرکراوی دەستی ئەو کلتورەن!.

هـیچ شـوێنێک نـازانم، چـۆن بگەڕێـمەوە زانکـۆ و دواتر بۆ کارکردن! ئێرە دوورە لە شار وا هەستدەکەم لە لێـواری ئەو شـارەدام کە لە هەمـوو چرکەسـاتێکدا تـاوانێکی تیـادا ئەنجـام دەدرێـت هـیچ ئۆتۆمبێـل و مرۆڤێک لێرە نابینم. ناچار ملی ڕێگام گرتەبەر و ڕووە و شاری نەهامەتی کەوتمەڕێ، زۆر بە پێ ڕێگام کرد و پێڵاوەکـانم دڕا چەنـد جارێـک کەوتـم و عەزیە کۆنەکەشـم لەنـاو ئەو خـاکەدا ئـاوێتە بـوو کە هـیچ خۆشـمناوێ. درەنگانێـک گەیشـتمە دەروازەی شـار و گەڕامەوە بۆ سەر تەختە خەوەکەم لەو فرۆشگایە!

سبەی کە گەڕامەوە بۆ زانکۆ ئەو کوڕە بە تەنیشتما تێـپەڕی و خەنـدەی دەکـرد وا دەردەکەوت زۆر ئاسودە بووبێت، بەو شێوەیە خۆی نمایش دەکرد کە وەک بڵێـی گەیشـتۆتە ئەوپەڕی سـنووری پیـاوبوون ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فرمێسـکی زیـاترم دەڕشـت بـۆ

بەختـی کـچ بـوونم، زۆر ئـازاربەخش بـوو کە بیـرم دەکردەوە کچم وەک تاوانێک دەهـاتە پێش چـاوانم کـچ بـوونی مـن و زۆرێـک لە کیژانـی ئەم نیشـتیمانە لە لێـواری خەم و ناسـۆردایە بـاش دەزانـم کچانێـک هەن زۆر ژیـانێکی خـۆش بەڕێـدەکەن زۆر ئاسـودەن بەڵام بڕوام وایە بە پەنجەی دەستەکانمان دەژمێردرێن!.

پیاوێک لە کۆتاییەکانی زانست و لە ئاستی خوێندنا بێت بەو شێوەیە بیر بکاتەوە بەڕاستی کارەساتی پیاو بوون لەم نیشتیمانە بەڕێوەیە، چیتر نابێت ئێمە متمانە بە پیاوبوونی هەموو پیاوێک بکەین، چیتر نابێت نێر و پیاو بەیەک مرۆڤ بوترێت مرۆڤ هەیە تەنیا نێرە نەک پیاو..!

تەنیـا یەک سـاڵم مـاوە لە خوێنـدن و دواتـر لێـرەش ماڵئـاوایی دەکەم، دەسـت لە کـاری فرۆشـیاری فرۆشگاکەش دەکێشـمەوەو دەمەوێت لەسـەر پێیەکانی

خۆم ڕاوەستم، دەمەوێت چیتر نە بفرۆشرێم نە ئیهانە بکرێم نە نێرێک چاوانی ببڕێتە کچ بوونم.

ئەگەر بتوانم ئەوەی خەیاڵم نەخشەی بۆ کێشاوە بەدیبێنم زۆر دڵخۆش دەبم، بەڵام من دەزانم زۆر سەختە خۆشبەختی و ئاسودەی لە دەرەوەی ماڵی خۆتو لە بەر ڕەحمی نێرەکانی ئەم نیشتیمانە..!

هاوڕێ سەختیەکانی ژیانی من درک پێناکەی چونکە تۆ نەتبینیوە تۆیەک ئەگەر هەزاران شەو بە فرمێسکی چاوانتەوە نە نوستبی تۆ نازانی ئازاردانی مێینە و نێرینەکانی ئەم نیشتیمانە چەندە ئازار بەخشە. کچانێک لەو زانکۆ و پەیمانگایانە لەکەدار کراون کە جێگای کۆتایی پێهێنانی خوێندنە و لە ئاستی بالای تێگەیشتن بە دونیا و زانستدایە! کارەساتە جێگای زانست و زانیاری بکرێتە فریودانی کچان و بە لاڕێدابردنی هەندێک لە کوڕەکانمان، بەو شێوەیە

گۆڕاوە دەکرێ هێندەی شەقامەکان ئاگاداری خۆمان بین لە زانکۆکاندا بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە لە مرۆڤ دەکرێ کێ بەرپرس بێت لێی، خێزانەکان یان کۆمەڵگا و تیڤی و دونیای دەرەوە هۆکاری بێت؟!.

# (باوکی ڕاز )

## نامەی دووەمم بۆ کچە ئاوارە و بێنازەکەم.

کچم ڕاز دووبارە نامەیەکی ترت بۆ دەنوسم نەبا نامەی یەکەمم نەگەیشتبێ بە دەستت و شەماڵی شووم بردبێتییە ناوچەیەکی دوور لە تۆی نازداری من، نەبا تۆ بەو شەقامانە نەڕۆشتبی کە نامەکانم تێیاندا پەخشان کردووە، نەبا نامەکانم گەیشتبێتە دەستانێک و هیچ وشەیەکی ناو نامەکەی منیان بۆ نەدرکاندبی، کچم دووریت لەمن ئازارگەلێکی لەناو ژیانم چەسپاندووە بڕوا ناکەی تاڵەکانی قژ و

ڕیشم هیچ ڕەشی تێدا نەماون هێز لە قاچەکانم بڕا و تۆراوە هێندە گەڕام بە شوێن پێکانتا، تاوانبار دەکرێ سزا بدرێ کچم وەرە و گەورەترین سزای ئەم باوکەت بدە وەرەو هەموو ڕقی ئەم گەردونە بەسەر ئەم باوکەتا بڕژێنە، جل لەبەرما بدڕێنە و گەر پێت خۆش بوو ڕۆح لەم جەستە دەربهێنە. وەرەو هاواربکە بە تەواوی ئەم شارەدا و چیت دەوێ بیڵێ چی بۆ تۆ خەم ڕەوێنە سزام بدە کچم بڵێ باوکم باوک نەبوو بڵێ باوکم ژیانی منی وێران کرد بڵێ باوکم منی دایە دەست پیاوێک لێمگەڕا بۆ ئەوەی هەموو تاڵیەکانی ژیان بنۆشم، بڕوام وایە چیتر تۆ نابینمەوە ئەگەر ڕاستبێت و دونیایەکی تر بوونی هەبێت ئەوا لەوێش بەشوێنتا وێڵ دەبمەوە.

کچم برسیت نییە؟ ئەی تینوت نییە؟ ئەی جلوبەرگی بەرت جوانن ئەی پارەت پێیە؟

لە چی سوچێکی ئەم شارەدا بێناز کەوتووی کچم؟

من دەمەوێ هاواربکەم تا تۆم بۆ بدۆزنەوە چیتر ئۆقرەم نەما و دەمەوێ خۆم پێش تۆ بە تەواوی شار بڵێم کچەکەم فرۆشتوە بە ناپیاوێک ئێستا ئەو لێم ونە، ڕۆیشتووە لەو ماڵەی ڕۆژانێکبوو ناز لە سەقفی ماڵەکەوە دائەڕژا بەسەر زوڵف و پەرچەمیدا. من هەموو شتێکم تێکدا و گۆڕا بۆ یەک سات بیرم لەتۆ نەکردەوە کچم، من پێم وابوو شووکردنی تۆ بە پیاوێکی دەوڵەمەند و سەرمایەدار خۆشبەختی بۆ تۆ دێنێت، من پێم وابوو دەکرێ کچ زوو شووبکات و نەمێنێتەوە، وا فێرکرابووم کچ وەک ئەڵغامێکە و هاکا تەقیەوە چەند زووتر بدرێ بەشوو درەنگترە، نا کچم تۆ گوڵی ناو ماڵ و حاڵی من بووی خۆم ژاکاندم تۆ نەک ئەڵغام نەبووی تۆ پەری بووی تۆ بولبولی

سـەردار پرتەقاڵەکەمـان بـووی، تـۆ خۆشـبەختیی نـاو ماڵەکەبووی نەمان زانی.

من و دایکت چاوەڕوانین لەو دیوی دەرگاکەوە بێتە ژوور هەتـا گەنجێتیمـان بگەڕێتەوە، هەتـا ڕۆح بێـتەوە بەرمان و دووبارە بژێینەوە.

کچم ئەم باوکەت هەموو کات چاوەڕێتە، ئەگەر ئەم نـامەیەت بەدەسـت گەیشـت لەدوای خوێنـدنەوەی بگەڕێوە، نا چاوەڕێی خوێندنەوە مەکە بە ڕێگاوە بۆ ماڵەوە بیخوێنەوە.

## (ڕاز)

ڕۆژانە کارکردن و خوێندن وایان دەکرد ئازاری ئەو خۆشەویستیە کەمەم لە بیر بچێتەوە کە هێندەی نەخایاند, لێرە هێندەی چاو کاردەکات مێشک کارناکات، لێرە هیندەی حەزی کاتی لە پێشەنگە زانست لە پێشەنگ نییە، کیژ و کوڕەکانی ئێرە چاویان لە جوانی و سەرمایەی دونیایە، لەم زانکۆیە کیژەکان هێندە سەرقاڵی فرۆشگاکانی جلوبەرگ و زێڕ و خۆڕازاندنەوەن هێندە سەرقاڵی خوێندن و زانست نین!

کوڕەکانی ئەم زانکۆیە هێندە ئالودەی ئۆتۆمۆبێلی گرانبەها و قات و ڕیباتی مارکە و هەڵخەڵەتاندنی

کیژەکـــانن هێنـــدە تـــامەزرۆی فێربـــوونی زانســـت و ڕۆشنبیرییەکی باش نین.!

ئێرە بازاڕی کڕیارەکانە، فرۆشیارەکانی ئەم زانکۆیە کـالا نافرۆشـن بەڵکـو خۆیـان و مرۆڤبوونیـان دەخەنە زیاد کردنێک و دەیفرۆشن!

دۆزینـەوەی دڵداریک لە نـاو باخچەکـانی زانکۆکانـدا ئاواتی گەنجەکانە ئەوان بە ڕوانینی گوڵەکان ئاسـودە نـــابن ئەوان ئەو گولانەیـــان بـــۆ فریـــودانی بەرامبەرەکانیان لێدەکەنەوە.

ئەوان خەیاڵ ناکەن بۆ ژیان خەیاڵ ناکەن بۆ مرۆڤی جـوان ئەوان خەیـاڵ دەکەن کە چـۆن شـوو بـکەن، نێرینەکانیـان خەیـاڵ دەکەن چـۆن ئەو چـوار سـاڵەی زانکـۆ بە ژوانـی کیژێکـی ناسـکو نـازدارو دەوڵەمەنـد بەڕێبکەن!

ژوان لەلای ئەوان تەنیا حەزی کاتی و فریودانە، من پێم وابوو ژوان جێگای بەڵێن و نازکێشان و یەک دونیا وشەی جوانە!

نا منیش فریودرام بە بیبینی ماسکی ئەو ژوانانە فریودرام بە بەرگی ئاوریشمی ئەو وشانە کە دەچرپا بە گوێی ئەو کیژانە بەڵێ من فریودرام بەجوانی و بۆنی بێ ئەندازەی ئەو گوڵانە.

ئێرە مەنزڵگەی فریودانە نەک زانست ئێرە وەک دەوترا دواهەمین وێزگەی فێربوونە بەڵێ دواهەمین وێزگەیە بۆ فێربوون لە فریودانی یەکتری بۆ تێگەیشتن لە دونیای وەک زەلکاوی ئەم مرۆڤانە. لێرە ڕۆژانە کچانێک وێران دەکرێن بۆ حەزێکی کاتی و پەیوەندیەک لە شەوانی درەنگ و تاریکدا. کوڕانێک نائومێد دەکرێن بە ناوی چارەنوس و نسیبەوە. چ دونیایەکە ئەمە ناونراوە دونیای پێشکەوتوو و

مۆدێرن و وێرانکردنی مرۆڤەکان یان فرۆشتنیان یان بە کاڵا کردنو یاریکردن بە هەست و بوونیان.

من نامەوێ ڕەشبینبم لەم نیشتیمانە، بەڵام هێندەی گەورەیی خۆی لەم جوگرافیایەدا تاوانی تێدا ئەنجام دەدرێ نیشتیمانم، ئەم ڕازە کەمێک لە تاوانی بینیوە تاوان گەلێکی وەها بوونیان هەیە بەهۆیەوە کچانێک دەکوژرێن لە پێناوی بە هۆی حەزی نێرەکانی ئەم نیشتیمانەوە ڕۆژانە کچانێک ئازار دەدرێن دکوژرێن و زیندانی دەکرێن لە ماڵەکانیاندا. تاوانەکان هێندە زۆرن هەر یەکەمان دەبێت بۆ تۆمارکردنی پەرتوکێکی بۆ بخەینە خزمەتەوە، چۆن ڕەشبین نەبم تاوان دەکرێ و بەرگێک لە ئاوریشم هەڵدەکێشرێتە بەری و کەسانی تاوانکار خۆیانی پێوە بادەدەن. بەهۆی نێرێکی ئەم نیشتیمانەوە کچانێک دادەبڕێن لە قۆناغەکانی خوێندن دوچاری کێشەی خێزانەکانیان دەبنەوە تەنیا بۆ ئەوەی

نێرێک حەزێکی کاتی بهێنێتەدی کچانێک خەیاڵ گەلێکیان لەدەست دەدەن!

خاوەنکارەکەم پەیوەندی پێوە کردم گوایە کارێکی هەیە و دەبێت بچمە لای ئەو، ڕۆیشتم بۆ هەمان قاوەخانەی پێشوو چاوەڕوانم بوو لەوێ، لە دوای هەندێک هەواڵپرسینی باری گوزەرانم و خوێندن پێی وتم کە گوایە فرۆشتن کەمی کردووە چیتر ناتوانێت بمهێڵێتەوە لە فرۆشگاکەی خۆی!

من دەزانم بەهۆی کەمکردنی فرۆشتنەوە نییە چونکە هەر وەکو جاران میوانەکان دەهاتن بە بەردەوامی!

هۆکار بێ دەستکەوتیەتی حەزی نێربوونی خۆیەتی، لەوەی ئەو هەموو ساڵە کە نەیتوانیوە ئەوەی دەیەوێ بیکات، زۆر کات ئەو کیژانەی کاردەکەن نانبڕاو دەکرێن تەنیا بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر باری ئەو

حەزانەی ئاڕاستەیان دەکرێت! زۆرکات هەژاری کار لەسەر مرۆڤە لاوازەکان دەکات بۆ ئەوەی بڕە پارەیەکی دەستبکەوێت دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییە و کچێنی خۆی و داهاتووی جوانی لەناودەبات!

هیچ بڕە پارەیەکی وام نییە تا بتوانم ڕۆژەکانی داهاتومی پێ بەڕێ بکەم، ناچارم سبەی لەگەڵ خۆرهەڵهاتن بڕۆم  بە شوێن کارێدا بگەڕێم.

سبەی هەتا خۆرئاوابوون زۆریک لە شەقامەکانی ئەم شارە گەڕام بەڵام هیچ کارێکم دەست نەکەوت.

لەباخچەیەکدا پشووم دەدا، خەیاڵم دەکرد من لە تەمەنێکی منداڵییەوە کەوتوومەتە سەر ئەم شەقامانە بەڕادەیەک شەکەتی ئەم ڕێگایەی  ژیانم چیتر هێز لە جەستەم نەماوە!.

گەڕامەوە بۆ زانکۆ و هاوڕێکەم(چ...... )م بینی.

پێم وت كه كارەكەم لەدەستداوه و به شوێن كاردا دەگەڕێم، ئایا تۆ هیچ كارێك پێنازانی كه بتوانم كاری لێبكەم؟!

- چ :بەڵێ كارێكم دەستكەوتوه من دەتوانم سبەی به خاوەنكارەكه بڵێم بۆ ئەوەی ئەگەر تۆی بوێ زۆرباش دەبێت، پێشی دەڵێم بارودۆخی تۆ چۆنه و پێویسته لەوێ بنوویت یان شوێنێكت بۆ دابین بكات، خاوەنكارەكەم ژنێكی زۆر باش و میهرەبانه بڕواناكەم ڕەتی بكاتەوه.

سبەی(چ......)به ڕوویەكی خۆشەوه گەڕایەوه بۆ لام و وتی ڕاز خاوەنكارەكه ڕازییه و داوای بینینی تۆ دەكات. دڵخۆشییەكی لەڕادەبەدەرم هەبوو دەتوانم بەردەوامبم له خوێندن و كاریش بكەم، سوپاس خودایه تۆ بەندەكانی خۆتت لەبیره و پەراوێزیان ناخەیت، دەستم كرد به كاری نوێ، هەموو ئەوانەی

لەویَ کاریان دەکرد ئافرەت بوون، ئەوان زوو بوونە هاورێم زۆر هاوکاریان دەکردم لە فێربوونی کارەکەم، ئەوان هەردەم منیان دڵخۆش دەکرد، چەندە خۆشە مرۆڤ دەنگی پێکەنینی بگاتە ئەو پەڕی سنوری دڵخۆشی!

ئێمە هەموومان لیرە دڵخۆشین، بۆ ماوەیەکی زۆر لێرە کارم دەکرد، هێدی هێدی بۆ کۆتا ڕۆژەکانی خوێندن دەڕۆشتم، وا بڕیارە لێرە بەردەوامبم هەتا ئەو کاتەی خوێندنم کۆتایی دێت و دواتر کارێکی باشتر پەیدا دەکەم و چیتر وێڵ و سەرگەردانی تەختە خەوێک نابم چیتر لە باخچە و شەقامەکاندا ئاوارە نابم.!

ڕۆژگارێکی سەخت و دژوارم تێپەڕکرد ئەم ڕازە بە نێوانی هەموو ڕۆژگارە سەختەکاندا هەنگاومنا هەموو بەربەستەکانم شکاند و بۆنی زۆرێک لە گوڵەکانم کرد

پێش هەڵوەراندنیان لەلایەن مرۆڤەکانەوە، زۆرێک له شـــەقامە تاریـــک و ترســـناکەکانی ئەم نیشـــتیمانەم بەقاچەکانم پێوا. من هەموو ئەو تاوانانەم له مێژووی نیشـتیمانەکەمدا تۆمـارکرد، منێـک منـداڵیم بەخشـیه باخچەکـان و لاوێتیم دایه دەست قەدەر و جوانی کچ بـوونم پیاوێـک بـردی، منێـک هەڵهـاتوو لەو دەسـتەی نیـازی بـوو ڕۆحـم بەرێ ئەم ڕازە تینـوی جـووت دەسـتێکه به لاشـەی دوو زاتەوە! کەمێـک دڵخۆشـم بەوەی که دایکـم و بـاوکم نەدیـوه که چـۆن سـاڵەکان پرچیـان سـپی دەکـا و پێسـتی تەوێڵیـان دەژاکێنـێ دڵ خۆشـم بەوەی نەم بینیـوه که چـۆن ڕۆژگـاری بـێ بەزەیـی دایکـم و بـاوکم نـاو دەنـێ دوو مرۆڤـی بەساڵاچوو!

من ڕقم له هەموو ئەو پیاوانەیه که وێڵی جەستەی کیژگەلێکی ئەم مەملەکەتەن، توڕەو دڵپڕم لەو ئافرەت

گەلەی بــوونەتە هــۆی بەدبەختــی ژیــانی هەزارەهــا ئافرەتی تر.!

ئـاهەنگی کۆتاییهـاتنی خوێنـدنە و مـن لـەو بـاخچەیەم کە نەدەبــوو لێــرەبم دەبــوو لە ئــامێزی دایــک و باوکمــدابم، دەبــوو هەروەک کچەکــانی ئەم زانکــۆیە دڵخۆش بوومایە بە هاتنی ئەوان!

نا کەس لێرە نییە بۆ پیرۆزبایی مـن، دڵـم بە جۆرێک تەنگە بڕوا ناکەم تەنگەبەری ژیان وەک دڵم بێت.

هەمـوو لێـرە جلـی جـوان و ڕەنگاوڕەنگیـان پۆشـیوە منێــک بە دوو عەزی کــۆنەوە چــوار ســاڵی زانکــۆم تێپەڕاند ئێستا چۆن بتوانم ئەو پۆشاکانە بکڕم کە لێرە نمایشی پێوە دەکرێ و ململانێیە لە نێوان کیژەکان کە چـۆن دڵـی گەنجەکـان ڕابکێشـن،بە ئومێـدی ئەوەی لە ماوەی ئەم چوارساڵە ئەوەی نەیانتوانیوە بیکەن و پێی بــگەن لەم ئاهەنگــا دەســتەبەری کەن! ســەیرە هــیچ

بەشێک نییە لەم زانکۆیە بەشی نمایش بێت کەچی هەمو نمایشی خۆیان و جلوبەرگیان دەکەن!

قوتابیە هەژارەکانیش دەیانبینم لەسەر یەک مێز کۆبوونەتەوە، لە سوچێکی هۆڵەکەوە کوڕێک دەبینم بە گوڵێکی سناعییەوە و بە یەک باخەڵ وشەی دروستکراو و بریقەدارەوە ڕاوەستاوە! چەند کچێک دەبینم سەریان ناوە بەیەکەوە و سەرقاڵی باسکردنی کچەکانی ترن.!

هەندێک کوڕی قات و ریبات لەبەر دەبینم سویچی سەیارە گرانبەهاکانیان کردووە بە کەمەریاندا و ئەبڵەقی چەند کیژێک بوون نازانم کڕیارن یان ئاشق! ئاهەنگ تەواوبوو بەیەک دونیا پیرۆزبایی و گریانی سناعییەوە. من لە خەمی ئەوەدام چۆن بتوانم کارێک پەیدابکەم بۆ هەمیشەیی.

لەو کارخـــانەیە بەردەوامـــم و دەگەڕێـــم بـــۆ کـــاری باشـــتر کە بتـــوانم شـــوێنێک پەیـــدابکەم و تیایـــدا بـــژیم لەدوای چەنـــد ســـاڵ مانـــدویتی ئەم ڕۆژگـــارە. تـــوانیم شوقەیەک بە کرێ بگرم چیتر ماڵێکم هەبێت کە بتوانم لە بالکۆنی ماڵەکەدا ئینجانەی لێوانلێو لە گوڵ دابنێم، دەمەوێـــت مـــاڵەکەم پـــڕ بـــکەم لە بـــۆنی ئەو گـــوڵە بۆنخۆشانەی دڵ باڵدەگرێ لە جوانییان.

هـــــاوڕێ منـــــیش وەک کیژەکـــــانی ئەم گەردوونە دەمەوێت بـۆ سـاتێکیش بێت هەسـت بە کچێنـی خـۆم بـکەم و تاوێـک ئـارام بگـرم لە سـوچێکی ژیانـدا ژیـان بکەم.

چەند ساڵە وەک پیاوەکانی ئەم نیشتیمانە ژیاوم نە کاری ماڵ دەزانم و نە خواردنێک دەتوانم ئامادە بکەم! لە کارخـــانەکە بەردەوامـــم و کـــار دەکەم، دەمویســـت بچـــمە بـــازاڕ و بازاڕێـــک بـــکەم لەوێ کە ســـەر قـــاڵی

گەڕانــی پۆشــاکەکان بــووم چــوومە فرۆشــگایەک کە جلوبەرگی خانمـان دەفرۆشـت بینـیم شـکاری هـاوڕێم فەرمـووی لێکـردم و زۆر سـەرنجی دەدام، پـێم وابـوو دەمناســــێت و لە باشــــبوونم دەپرســــێت بەڵام بە شەرمێکەوە لێی دەڕوانیم نەیدەزانی ئەم ڕازەی لەکوێ دیوە!

مــن نەمدەویســت خــۆم ئاشــکرابکەم دەترســام بمگەیەنێتە دەستی براکەم وماڵەوەمان!

لەناکـاوا بە هێمنـی وتـی تۆ ڕازیت؟ یـان مـن هەڵەم نانا ڕازیت دەت ناسمەوە تۆ من دەناسیت؟

ـ ڕاز: بەڵێ من ڕازم تۆ باشیت کاک شکار؟

ــ شکار:سـوپاس مـن باشـم ماڵەوەتـان چـۆنن تـۆ باشیت؟

بەوە درکــم کــرد کە ئاگــاداری ماڵەوەمــان نیــیە، ئـارامییەک بە دڵمـدا هـات وتـم باشـن سـوپاس ئێـوە چۆنن؟

ـ شکار: هەموو باشین سوپاس.

ـ کاک شکار چۆنە لێرە دەتبینم لێرە کاردەکەیت؟

ـ شکار: بەڵێ فرۆشگای خۆمە و چەند ساڵێکە ئەم کارە دەکەم.

وا دیارە خوێندنت تەواونەکردووە ڕاستە؟

ـ شکار: نا لە قۆناغی ناوەندیدا نەمتوانی بچمەوە بۆ قوتابخانە باوکم کۆچی دوایی کرد و ئەرکی کارکردن کەوتە سەر شانی من.

ـ ڕاز: خوا لێی خۆشبێت، بەڵام من بیرمە تۆ ئاواتت ئەوە بـوو ببیـتە دکتـۆری نەشـتەرگەری، سـەیرە لە و خەیاڵەت پاشگەزبویتەوە!

ـ شکار: بەڵێ ڕاستە بە هۆکاری کار کردن خوێندن زەحمەتبوو بۆ من بەڵام بە کۆچی باوکم ئەو ئاوات و خەیاڵانەم هەمووی مردن و لەناو چوون!

ـ ڕاز: بەداخەوەم!

بەڕاستی خەیاڵ هەرگیز لەگەڵ هیچ شتێکا جووت نابێ و تەنیا هەر خۆی دەتوانێ ئامانج بهێنێتە بوون!

لێکئالانی خەیالی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤی تردا زۆر ترسناکترە لەوەی بیری لێدەکرێتەوە! بەڵێ بە دوورکەوتنەوەی ئەو مرۆڤە و نەمانی لە ژیاندا ئەوا بەجۆرێک دەترووخێنێ ئەستەمە خەیالی جوان دروست ببێتەوە، گەر دروستیش بێتەوە هەرگیز ناهێڵێ ساتێک بێ ترس و ئاسودە بیت! ببینە لەگەڵ کۆچی باوکی گەورەترین خەیالی لە ناو ڕۆحی خۆیدا ناشت، هەر بۆیە شکار دەیویست ببێت بە دکتۆر

لەبەرئەوەی باوکی نەخۆش بوو لەگەڵ نەمانی باوکی خەیاڵەکانیشی دایان لە شەقەی باڵ و فڕین!

ئەم ڕازەش ئێستا درکیکرد کە ئەو خەیاڵەی منداڵی من بە دروستکردنی دوونیایەک پڕاوپڕ لە مرۆڤی جوان و پاک و میهرەبان خەیاڵ نەبوو بەڵکو ئەندێشەبوو! ئێستاش ئەو خەیاڵە نەمردووە لە مندا بەڵام لەم نیشتیمانە زۆرێک لە خەیاڵەکان دەبنە ئەندێشە و هەرگیز نایەنەدی! یاخود ناتوانی خۆت بیبینیت بەڵکو دەتوانی بۆ نەوەکانی داهاتوو دەستەبەر بکرێ، ئەویش بە فێرکردنی دەوروبەرت و منداڵەکانت و گەیاندنی ئەوانە بە زۆرینە و زۆرینە بۆ کۆمەڵگا و دروستبوونی ئەو نیشتیمانە جوانە کە پڕ ببێ لە مرۆڤی جوان لێوانلێو لە ناز!.

_ ڕاز: گفتوگۆکەمان لەگەڵ شکاری هاوڕێم بەردەوام بوو، جوانییەکی بێ ئەندازە پاکیم لە

چاوەکانیا بەدی دەکرد کە مرۆڤێکی دڵشکاو لە دونیا چۆن دەتوانێت هێندە ڕوو بە خەندە و دەم بە پێکەنین بێت!

سەیرە مرۆڤەکان دڵیان بە تێپەڕبوونی کات ئارام و پاک دەبێتەوە! هەر وەک من کە هێندەی ئەم جیهانە غەریبم و غەریبی دایکم و باوکم و براکەم دەکەم!

ژمارەکەی پێدام وتی پێم خۆشە جاروبار یەکتر ببینین یاخود هەرچیت پێویست بوو بە برای خۆت بڵێ منیش وەک براتم لە جێگای براکەتم هیچ فەرقی نییە.

ئەم ڕستەیە منی کردە گومانێک نەم دەتوانی خۆم قوتار بکەم لێی، ئازاری دەدام و هەر کاتێک خەیاڵم دەکردەوە دڵم خێرا و خێراتر دەبوو بە بیستنی ئەو ڕستە گوماناویە! بۆچی ئەو لە جێگای براکەم بێت! واتاچی ئەی بۆ پێی نەوتم ئێستا دوو برای هەیە لە

جێگـای بـرا یـانی چـی تێنـاگەم مـن! چەنـد مانگێـک تێپەڕبووە بەسەر بینینی شکاری هاوڕێم.

تـوانیم کارێـک پەیـدا بـکەم لە کۆمپانیـایەک کە سکرتێریان دەویست چوومە ئەوێ و توانیم کاربکەم، موچەکەم باش بوو دەمتوانی ژیانی پێبکەم و چیتر پێویستم بەوە نەبێت بۆ تەختە خەوێک وێڵبم.

لەدوای هەشت مانگ کارکردنم لەوێ ڕۆژێک خاوەن کۆمپانیـاکە بـانگی کـردم کە لەگەڵ کـوڕێکی گەنجـدا دانیشتبوو پێی ڕاگەیاندم کە ئەم گەنجە کوڕی ئەوەو هێنـدە نابێـت لە دەرەوەی وڵات گەڕاوەتەوە، بـۆیە ئەو لێرە کـار دەکـات و لە جێگـای منەو مـن چیتـر کەمتـر دێمە کۆمپانیا.

یەکترمـان ناسـی و کـارکردن بەردەوام بـوو، لەدوای چەند هەفتەیەک لە دەستبەکاربوونی ئەو کوڕە گەنجە هەستم دەکرد کەسێکی باشـە و گرنگـی زۆرم پێدەدات

و دەستخۆشـــی بـــێ ئەنـــدازەی زیـــاد لە پێویســـتی لێدەکردم. من پێم وابوو بە هۆی گەنجی خۆیەتی توانا و مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەر باشە.

پێیـوتم کە مـوچەکەم هەنـدێک زیاددەکـات دەکرێت منیش لە ئێستا کاری باشتر بکەم. زۆر دڵخۆش بووم پێی کە دەمتوانی بەو بڕە پارەیەی کە بۆم زیادکرابوو کەمێک لە موچەکەم پاشـەکەوت بکەم و هەڵیبگرم بۆ ڕۆژگـاری ڕەش، مـن بێئاگـا لەوەی ڕۆژگـاری ڕەش بەهۆی زیاد بوونی موچەکەمەوە ڕووم تێدەکات ئەمە تەنیـا داوێکە نەک میهرەبـانی! مـن بێئاگـا و دڵپـاک بە وشـەی جـوان و سەرنجڕاکێشـەکانی چەنـد جارێـک چوومە قاوەخانە لەگەڵی گفتوگۆمان کرد.

هێنـدەی نەخایانـد لەژێـر چەتـری قاوەخـانەکەدا پێـی وتم کە ئاشقم بووە! ئەم ڕازە ڕاستە لە دایک و بـاوک و برا دوورم ڕاستە لە تەواوی ئەو کەسانە دوورم کە

ئامۆژگـاریم دەکەن، بەڵام مـن پێویسـتم بەوە نیـیە کە مرۆڤەکـان ئامۆژگـاریم بـکەن و خـۆم هەرگیـز نـاهێڵم بـکەومە نـاو هەڵەوە ئەگەر کەوتـمە هەڵەیەکەوە پـێش ئەوەی ببێــتە زامێــک لەســەر دڵ و شەخســیات و کەسایەتم خۆم دەربازدەکەم. نا دووبـارە نابێتەوە بەو شێوەیەی زۆرێک لە پیاوانی ئەم نیشتیمانە خوازیارن.

هێزێـک لە دڵ و جەسـتەم دروسـتبوو کە هەرگیــز نەلەرزم بەو وشانە کە مرۆڤ دەخاتە هەڵەوە.

بەڕێزەوە پێم وت جێگای شانازیە کە کەسێکی باش ئاشقم بووبێت بەڵام ببورە من زۆرێک لە ڕاستی هەیە دەبێ بە تۆی بڵێم تۆ بیان زانیت. من سـەرەتا کچ نیم بەڵکوو ژنم! ئەم وشەیە ئازاری دام بڕوام وانەبوو کە هێنـدە بە ئـازار بێـت هەرگیـز وام نەوتـوە بەڵام ئێسـتا ناچار بووم، دواتر من ناتوانم خۆشەویستی بکەم تەنیا دەتـوانم شـوو بـکەم ئەگەر ئاشـقی منیت بهـێڵە منیش

ئاشقت ببم لە دوای هاوسەرگیری زۆرێک لە وشەکانی بەسەر یەکتردا دەدا و نەیدەزانی بیڵێت چی هەستم بەوە کرد کە ئاشق بوون لێرە وشەیە نەک هەر بە ئەندازەی ناوەکەی گەورەنییە بەڵکوو بۆتە داوێک و نێچیرە بێ گوناهەکانی ئەم نیشتیمانەی پێ دەگرن!.

ئەو نەیدەتوانی بەڵێنی ئەوە بدا نا هەرگیز نەیوت کە ڕەزامەندە بەو کارە و بەو داوایەی من.

هەستم بە بەهێزی و بڵندی سەرم دەکرد کە بوومە ڕێگر لە بەردەم حەزی گەنجێتی خۆمدا و نەکەوتنم بەو کۆمەڵە وشە ناسکانە.

ئەو ڕۆژە ڕۆیی و چەند مانگێک تێپەڕ بوو. هێدی هێدی ئاشق بوونی درۆینە بو بە تهدید کردنم! ڕۆژێک بانگی کردم وتی تۆ هەڵهاتوویەکی بێشەرەفی! ترس وای لە دەست و پێیەکانم کرد دەلەرزین نەمدەتوانی هیچ وشەیەک بڵێم و هیچ بەرگریەک لە

خۆم بکەم! چۆن ئەمەی زانی کە من هەڵهاتووم بەڵام غەڵەتی کرد من بێ شەرەف نیم و خاوەنە کەرامەتم، بەدڵــــی ئەو و حەزی ئەوم بکـــردایە چـــی ئەوکـــات نەمدەتوانی بڵێم غەڵەتی کرد!

مرۆڤەکان لە گۆڕانکاریدان هەرگیز نابێت متمانە بە زۆرێک لە مرۆڤەکان بکەین ئەو کارانەی پێمان دەکەن دواتــر دەیــدەنەوە بە ڕوخســارماندا و پێمــان دەڵــێن سۆزانی!

پێی وتم ئەگەر ئەوەی دەمەوێت ڕازی نەبیت ئەوا دەتدەمەوە دەستی یاسا و پۆلیس کە ئەوان وێڵن بە شوێن پێیەکانتا! باوکت داوای کردووە  کە تۆ بدەنەوە دەستی، تۆ دیارە هەڵهاتووی و ئێستاش بە تەنها لە شووقەدا دەژیت!.

زۆر لێی پاڕامەوە کەوتمە سەر پێیەکانی و تکام دەکرد کە ئەوە نەکات من نامەوێ هیچ کارێک بکەم،

بەڵام بە جۆرێک دەیترساندم کە بمداتە دەستی پۆلیس و ئەوان بە خراپـــی مـــامەڵەم لەگەڵ بـــکەن، هەرگیـــز نەمدەویست ئەوە ڕوو بدات بەشـێوەیەکی وا پێناسـەی دەکردن کە لە براکەم زیاتر تینوی خوێنمبن!

ناچـار ئەم ڕازە ڕەزامەنـدبوو بە کـاری نەشـیاو! مـن ڕقـــم لە خـــۆمە لە زۆرێـــک لە پیـــاوان لە ژیـــان و دڵخۆشـیش کە هیچـی مانـای ئەوە نەبـوو کە مـن بـۆی بێمە ئەم دوونیایەوە! مـن پێم وابـوو دوورکەوتنەوەم لە مـــاڵەوە بـــۆ ئەوەی ژیـــانم لەدەســـت باشـــترین چارەسەربوو! ئەو نێرە کە تینووی جەسـتە بـوو وەک ئـاژەڵ کەوتە گیـانم و دەسـتدرێژی کـردە سـەرم بە هەمـوو شـێوەیەک، هێنـدە ئـاژەڵ ئاسـا ئـازاری دەدام بەوەی بەبـێ ویسـت و حەزی خـۆم ئەو کـارە دەکـات بێزم لە خۆم و لە هەموو نێرێک دەکردەوە!

لە دوای ئەو ڕۆژەوە خۆزگەم دەخواست کە بچمە بەر ئەو قەدەرەی ئەو وەسفی دەکرد بە ڕۆح کێشانم، بیرکردنەوەم لەو کارەی ڕوویدا هەموو ساتێکم ڕۆحکێشان بوو، هەموو چرکەیەک ئومێدەواری مردن دەبووم! چی دونیایەکی بێمانایە هەموو خەیاڵەکەنم لەدەستداوە هەرچی دەکەم ناتوانم ئەو خەیالانە و هاوشێوەیان دووبارە بنەخشێنمەوە لە خەیاڵم دا!

ئەو تەنیا بۆ چەند کاتێکی کەم هەموو ژیانی منی وێران کرد، تێکیدا بۆ حەزێکی کاتی و ناشرینی خۆی! بێدەسەڵات من بووم لەو کاتەدا درک بە بێدەسەلاتی مرۆڤەکان دەکەم ئێستا کە چەند بە ئازارە. لەماڵەوە لەم ژوورەدا دەڕوانمە یەک بەیەکی گوڵەکان و چیتر ئەوان دلڕفێنن نین وا نایانبینم کە بۆنخۆش بن. من پێم وایە ئەوان تەنیا ڕوخسارن هاوشێوەی مرۆڤەکان نە بۆنیان هەیە نە دەتوانن خۆش بەختی بڵاوبکەنەوە!

مـــن پـــێم وایە هەرچەنـــد ڕەگ داکـــوتن بە زەویـــدا شـەماڵێکی شـووم دەیـان شـکێنێت لە بێ دەسـەڵاتیاندا. هەر وەکــو مــن کە چەنــدە بەرگەم گــرت و ئومێــدم داکـوتی بە ژیانـدا نێرێکـی ئـاژەڵ ئاسـا شـکاندمی.! لە نائومێدی و ئومێد دانەوە بەخۆم بێ ئومێدم چیتر ئەو ڕازە بەهێـزە نـیم بتـوانم باڵەکـانی ژیـان بشـکێنم، مـن چیتـر خەیـاڵێکی وەهـام نیـیە تـا بچـمە بـاخچەیەک و بیـــــانپرژێنم بەســــــەر تەواوی چـــــیمەنەکەدا! حەزی گوێگرتنم بۆ دەنگی بوولبوولەکان نەماوە،

دەنگـی ئەوان بێـزارم دەکـات پەنجەرەکـان دادەخەم لەڕوویـان هەمـوو شـت بێزارکەرە بۆ ئەم ڕازە ئێسـتا. چەنــدەها ڕۆژ تێپەڕبــووە دەمەوێــت کەمێــک بچــمە دەرەوە بەڵکـو لە باخچەیەکدا خەیـاڵ و ئاواتەکـانم بـۆ بگەڕێـتەوە هێـدی هێـدی دەمەوێت خـۆم لەو داڕمـانی نـاخە دەربـازبکەم و بگەڕێـمەوە سـەر دۆخـی جـاران،

سـەیرە مرۆڤەکـان لەسـەر شـەقام و قاوەخانەکـان و تەواوی ئەم شـارەدا خۆیـان جـوان نیشـاندەدەن بەجۆرێـک کەسـێک نیـیە گومـان بەرێ ئەم مرۆڤـانە خراپەکاربن بەڵام لە ڕاستیدا زۆرینەیان وان و ئێستا نمایشـی ئەخـلاق و بەرزیـی ڕەوشـتیان دەکەن، بەڵـێ هەر ئەمەیە رۆژانە هەزارەهـا کـچ دەبێـتە قوربـانی دەستی نێرێک و تەواوی ژیانی لە ناو دەبات!.

شکاری هاوڕێم پەیوەندی پێوەکردم پێی خۆش بوو کە یەکتر ببینین دە بێت بچمە لای و شکار ببیبم ببینم ئەو پرسیارەشی لێبکەم کە بۆتە گرێ لە دڵمدا و کۆڵ لەم ڕازە بەدبەختە نادات، دەمەوێت بزانم بۆ خۆی دەخاتە جێی براکەم کە وەک بڵێی براکەم ئەسڵەن لەم شارەدا بوونی نەبێت و ئەمی ڕاسپاردبێ بۆ برایەتی من!.

چوومه ئەوێ و نامەوێ ئەوەی ڕووی داوه بیزانێ بێگومان نێرەکانی ئەم نیشتیمانه که تاوانێکی وا دەبیستن هێندەی بیر له بەد ڕەوشتی کچ دەکەنەوه هێنده بیر له دڕندەی زۆرێک له نێرینەکان ناکەنەوه، هەر بۆیه بێدەنگبم باشتره.

یەکمان بینی و دوای گفتوگۆیەکی زۆر پێی وتم کچێکی ماره بڕیوه و وابڕیاره بەم زوانه بیگوازێتەوه وتی کارتت بۆ دەهێنم. زۆر دڵخۆش بووم بەو هەواڵه چونکه پیاوانێکی واهەیه لەم مەملەکەتا هاوشێوەی ئەڵماسن مافی خۆیانه هێندەی ئەم دونیایه دڵخۆشیان بەسەردا ببارێنی و هەموو ئاواتەکانیان بۆ بخەیته ناو زەرفێک و به دیاری بۆیان ببەیت. لەلای شکار ڕۆیشتم به ئەسپایی شەقامەکانم دەبڕی هاته خەیاڵم که بۆچی له بیرم کرد پرسیارەکەی ناو دڵمی پێبڵێم، هەستێکی خراپ له دڵم پەیدابووه!

ماوەیەک بەم شێوەیە و بەم ئازارە کەمەرشێکنەوە ڕۆژەکانم بەڕێدەکرد، هێدی هێدی دڵم دەچووە سەر بۆنی گوڵەکان وەکو جاران بێزاریان نە دەکردم نە دەنگی بوولبوولەکان نە گوڵەکانی ناو ماڵەکەم، نە ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی لە درەنگی شەودا بە شەقامەکەدا دەڕۆیشتن بێزاریان نەدەکردم.

ئارەزوی پیاسەم دەکرد خۆم بە باخچەکانەوە گرتبۆوە، ڕۆژێک کە لەژێر دارێکی بڵند و تەواو پڕیدا دانیشتبووم خەیاڵێک هاتە مێشکم هەستم کرد خەیاڵ لە دەرگای دڵی دام ڕۆحمی ڕاکێشایە دونیایەکی ترەوە، ئایا مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ خەیاڵ هەموو پەیوەندیەک بپچڕێنێت، واتا هەرگیز خەیاڵ نەکا؟!

نا بڕوام وایە ئەگەر خەیاڵ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بوونی نەمێنێت مرۆڤ ناتوانێت بژی، ئەگەر بتوانێ بژی ئەوە هیچ بەرەوپێشچوون و

سەرکەوتن و گەشەکردنێک نابینێت لەخۆیدا و هێدی هێدی بەرەو نەمان دەچێت.

شکار تەلەفۆنی بۆ کردمەوە بە گەرویەکی پڕ هەنسک و گریانەوە!!

پرسیم شکار چیبووە تکایە پێم بڵێ چیت بەسەر هاتوە بۆ قسە ناکەی؟!!!

هەر هێندەی وت کە دەیەوێ بم بینێ و پەیوەندیەکەی قەپات کرد!

کەوتمە دوودڵیەکی زۆر و خەمێکی گەورەوە، بەبێ ئەوەی شوێنەکە بڵێ دایخست، بەڵام دەچمەوە هەمان شوێنی ڕابردوو بەڵکو بەخت یاوەرم بێت و ئەویش بێتە ئەوێ، ئەگەر نا ناتوانم بیدۆزمەوە مۆبایلەکەم دەکوژێتەوە.!!!

بە پەلە ڕۆشتم خۆم گەیاندە قاوەخانەکە و لە چاوەڕوانیدا وەختە شێت ببم دەنگی نییە و ناتوانم

پەیوەنـــدی پێـــوە بـــکەمەوە چـــونکە مۆبـــایلەکەم کـوژاوەتەوە لە بەختـی مـن. ئەویـش مەبەسـتی هەمـان قاوەخانە بوو  بینیم بەرەو ڕووم دێت.

بە پەرۆشیەوە پرسیم چی ڕوویداوە؟

هەستم کرد کەمێک هاتۆتەوە سـەرخۆو داوایکرد کە بچین دانیشین و هەموویم بۆ باس بکات.

پێش ئەوەی یەک وشـە بڵێت دووبـارە  گەرووی پڕ بۆوە لە گریان!

شـکار چیبـوە وا شـێت دەبـم بـۆم باسـبکە بەڵکـوو بتـوانم هاوکاریـت بـکەم ئەوە مـن لێـرەم بەڵـێن بێـت هەرچیەک بێت وەک خوشـکی خـۆت هاوکاریت بـکەم دەی پێم بڵێ کەمێک  وەرەوە سەر خۆت!!

من پێم وابوو کێشـەیەک کەوتـۆتە ئەو بـابەتەی بـۆی باسـکردم کە دەیویسـت ئەو کـچە بگـوازێتەوە و خـۆم ئامـــادە کردبـــوو بە یەک دونیـــا  وشـــەی جـــوان و

ورەپێدەر. سەیری چاوەکانی دەکردم وتی تۆ بۆ هیچت بە من نەوت دەبوو هەمووی بۆ من باسبکەیت ڕاز!

پێم سەیربوو کە چی بابەتێکە کە دەبوو من باسی بکەم لە لای شکار!

ـ ڕاز: چی بووە شکار تکایە پێم بڵێ؟

ــ شکار:- من بە تۆم وت کە دەمەوێت ئەو کچە بگوازمەوە کە دەستگیرانمە و پێم وتی کارتت بۆ دێنم. بەڵام من کارتەکەم هێنا و یەک دونیا خەمم وەرگرت!

ـ ڕاز: قسەکەم پێ بڕی و پرسیم هێنات بۆ کوێ کوا بۆ من نەم دیوە؟

ـ شکار: بەڵێ هێنام بۆ ماڵەوە بۆت! لەوێ باوکت کە هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم ئاوا خەمی دونیا هیچ

تـاڵێکی ڕەشـی لە سـەریدا نەهێشـتبێ و بەو شـێوەیە چەماوەی دەستی قەدەر بێت!!!

ــ ڕاز: کڵـپەی ئـاگر لە نـاو نـاخ و دەرونمـدا وەکـو بورکان قوڵپی دەدا، من ئێستاش نازانم چۆن ئەو دڵەم لە لێدان نەکەوت!

خـودایە لەو ئـازارە هەرگیـز ئـازاری لەو شـێوەیەم نەدیـوە دڵـم بەجۆرێـک خـاو بـۆوە هەسـتم بە لێـدانی نەدەکـرد و بە جۆرێـک هەسـت بە تاوانبـاری دەکەم ئەگەر دادوەر بوومـایە قورسـترین سـزام بـۆ خـۆم دادەنا!!

بێ ئەوەی یەک وشە لە زاری ئەم ڕازە بێتە دەرەوە بە قـوڵپی گریـانەوە چـاوەڕوانی هەواڵـی دایکـم بـووم!! دەکرێ تەنیا باسکردنی سەرو ڕیشـی سپی بـاوکم بەو شێوەیە ئازارم بدا دەکرێ دایکم چیم لێبکات!.

زۆر بەردەوام بوو کە چۆن ئەم وشانەی پێ وتراوە لەلایەن باوکمەوە و کە چەندە تامەزرۆبووە و باسی گریانی خۆشی باوکمی دەکرد کە بە بیستنی ناوی من و مانەوەم لەم ژیانەدا چەند دڵخۆشبووە!

بڵێ دایکم چۆن بوو تکایە ئەو باش بوو؟

ـ شکار: بەڵێ دایکیشت زۆرباشە و سوپاس بۆ خوا هەموویان باشن بەڵام ئەمەوێت شتێکت پێبڵێم بڕوا ناکەم کە زانیبێتت و ئاگادار بیت.

ــ ڕاز: چیە من هیچ شتێک نازانم هیچ هەواڵێکی خێزانەکەم نازانم ئەی براکەم ئەو تورە نەبوو ئەویش وەک باوک و دایکم دڵ خۆش دەردەکەوت یاخود تورەو بێزارە لەمن؟

ــ شکار: هەموومان مردنێک قەرزارین دەکرێت لەهەر کاتێک بێ ئەو قەرزە بدەینەوە بەڕاستی پێت

بڵێم چەند ساڵێکیش دەبێت براکەت لە ژیاندا نەماوە و کۆچی دوایی کردووە!

ئەم ئازارانە کۆتایی نایەت بەشێوەیەک کەمەرشکێنە هیچم بۆ ناوترێ، دەکرا من بام دەکرا ئەوکات ئەو حەزەیم جێبەجێ بکردایە و چی دەویست با بیکردایە ئەگەر بە کێشانی ئەم ڕۆحەش بوایە!

براکەم ئازاری تۆ لە دڵم وەک ڕووەکێک هەتا ساڵەکان تێپەڕبن ئەو گەورەتر و گەورەتر دەبێت، بڕوام وایە مردنی برا هێز لە پێیەکانت دەبڕێ من لەو باوەڕە نەبووم کە نەمانی تۆ ئاوا لاواز و بێهێزم بکات و ڕۆح جەستەی لێببێتە زیندان و هەوڵی شکاندنی بدات و بڕوا!!!

سەختیەکانی ژیانی من و هەموو ئازارەکانی ئەم دونیایە پێوانە ناکرێ بە تەنیا ئازارێکی تۆ کەنیت. من چەندەها ساڵە هەڵهاتووی تەنیا وشەیەکی تۆم و

تۆیەک پەپولە ئاسا لەم ژیانەدا نەماویت. گەرچی تەواوی ناسۆرەکانم و نەبیینی دایکم و باوکم و هەزارەها ناسۆری تر بە هۆی وشەکانی تۆوە بووە بەڵام بریا ئێستا هەواڵی باش بوونی تۆ و هاوسەرگیریت لەگەڵ خۆشەویستەکەت پێم بگەیشتبا نەک هەواڵی مەرگت من فیدای جەستەی سارد و بێناز و بێ خوشکت بم!.

شکار زۆر هەوڵیدەدا لە زەویەکەم جیا بکەتەوە و بمخاتەوە سەر کورسیەکە، بەڵام من نەمدەویست لەسەر ئەو خاکە هەڵبستم کە براکەمی تێدا حەشاردراوە!

زۆرێک لە وشەی جوان و ئومێدی پێدەوتم تەنیا بۆئەوەی کەمێک لەم ئازارەم کەمبکاتەوە. هاوڕێ بەڕاستی من ڕووی ئەوەم نییە بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە من بومەتە هۆکاری ئازاردانیان. باوکم بەو شێوەیە

چەمـاوەی دەسـتی دووری ئەم ڕازە بـووە مـن چـۆن بتوانم بگەڕێمەوە، بەڕاستی ژیـانی مـن وێرانكـرا، مـن ئارەزووی ئەوەم نەدەكرد بەڵام بوو، من ئومێدەواری ژیـانێكی خـۆش و پڕاوپـڕ لە نـازی خێـزانەكەم بـووم بەڵام نەبوو.

ـشكار: باوكت دەیویست بێت لەگەڵمدا و تا لە باشـی و سەلامەتی تۆ دڵنیابێت و ئاواتی بینینی ڕووخسـارت بـوو، بەڵام تكـام لێكـرد كە هـیچ هەڵەیەک ڕوونەدات و مـن بتـوانم بـۆ ڕازی باسـبكەم، ئەگەر نـا تـۆ ببینـیَ دەكـریَ لە ترسـا هەڵبێیـت و چیتـر ئـێمە نەتـوانین ڕاز ببینینەوە.

ئەو ڕازی بوو بەوەی كە چاوەڕوان بێت، ئێستا تكام وایە بێیـــت و پـــێكەوە بگەڕێیـــنەوە منـــیش بەڵێنـــی هێنانەوەی تۆ ببەمە سەر و بە ماڵەوە شاد ببیتەوە.

ئەوا من ڕۆحم باڵ دەگرێ بۆ بینینیان، ئەم کچە بێشانس و چارەڕەشە تینوی دەستەکانی ئەوانە!

دەکرێ بڕۆم و دووبارە ژیان دەستپێبکەمەوە بەڵام ئایا ئێستا دەتوانم نازبکەم و ئەوان نازکێشم بن؟! هەموو ساڵەکان ئومێدەواری ئەوە بووم منێک کە تینووی نازم، شەرم نییە بەم گەورە بوونەشم ئەو حەزەم هەبێ، منێک تامەزرۆی ئامۆژگاریەکم لەوانەوە چۆن دەبێت نەچم.

کوڕی خاوەن کۆمپانیاکەم هەموو جوانی تەنیایەکانی منی بۆ یەک سات گڕدا و لە ناوی بردن، دەکرێ من هەموو ئەو زانیاریانە بدرکێنم کە بوونەتە وێرانکردنم، دەکرێ من ناو ناوبانگی هەموو ئەوانە بنوسم کە بونەتە هۆی ژیان شێواویم بەڵام نا ئەم ڕازە ئامانجی دەرخستنی نهێنییەکانی نییە بەڵکوو ئامانجم وانەگەلێکی ڕاستە قینەیە بۆ کیژە ناسک و

نازدارەکــانی نیشــتیمانم، مــن نەهــاتووم هەمــوو جوانییەکان ناشرین بکەم یاخود ناشرینەکان ئاشکرا بـکەم هـاتووم ناشـرینەکان جـوان بـکەم جوانییەکـان جوانتر بکەم.

لەگەڵ شـکار بەرەو مـاڵی منـداڵیم دەڕۆم، بەرەو ئەو ماڵەی کۆشکێک بوو بۆ جوانیم خەزێنەبوو بۆ ناز و نازکێشانم زیندانێک بوو بۆ نا ئارامیم، جەهەنم بوو بۆ ترس لە مەرگم. وا هێدی هێدی ئەو مـاڵانەم دێتەوە یـاد کە بە منـداڵی لەگەڵ هاوڕێکـانم زۆرێـک لە یـاریم تێداکردووە. هەموو شت وەک خۆیەتی و بڕوام وانییە هیچ شتێک گۆڕدرابێت، ئەم نیشتیمانە زۆرێک پابەندی شـتومەکە دێرینەکـانن و هەنـدێکی پابەنـدی ئەقڵێتێکـی کـۆنن کە دەبێـتە هـۆی شـێواندنی ژیـانی مرۆڤێـک و مرۆڤگەلێک.

گەیشــتینە بەردەم ئەو مــاڵەی لێــی هەڵهــاتم کە سـەردەمانێک تـاجی خۆشـبەختیم تیایدا لەسـەر نـابوو، بینیم دایکم و باوکم بەیەکەوە لە هەیوانی ماڵەکەماندا دانیشتوون و دەستەکانیان بۆ ئاسمان بڵند کردووە و فرمێســک لە چاوەکانیــان دێــت بــۆ هــاتنەوەی مــن و گەڕانەوەی دڵخۆشی بۆ ناو ماڵەکە.!

منێک هەزارەها سەختی ژیان و هەواڵی نالەبار و جەرگبــڕ هێــزی لێبڕیــووم چــۆن بــگەمە لایــان و دەستەکانیان بنێمە سەر چاوانم و فیدای تاڵ بەتاڵی سپی سەریان ببم، من وێرانی ئەم دیمەنە نالەبارەم بۆچی ژیان ئاوای لەم پاشا و شاژنەی من کردووە خودایە.

ئەم ژیــانە نەک بــۆ مــن نالەبــارە بــۆ پیرکردنــی ئازیزترینی ژیانیشمان بێڕەحمە!

گەیشـتم پێیـان دەسـتێکم لەسـەر شـانی بـاوکم و دەستەکەی تریان لەسەر شانی دایکم پەنجەکانم ئاڵاند لە زوڵفی سپیان.

فرمێسکەکانیان سەرشانمی تەڕدەکرد، دڵۆپ دڵۆپ دەکەوتـنە سـەر شـانەکانم کە هەر دڵـۆپەیەکی منـی دەشـۆردەوە لە بەدبەختی لە چارەڕەشـی و لە هـیلاک بـوونم لەم ژیـانە. وەسـف نـاکرێ چـی خوڵقـاوە لەم دەمەدا مـن بەم بـێ هێـزیەی خـۆم هـیچ پێناسـە و وشەگەلێکم نییە بۆ وەسفی ئەم دڵخۆشیە، بۆ جوانی ئەم ژوانە چـی ژوانێـک لەمە ڕاسـتگۆیانە تـرە؟ چـی ژوانـێکە بەبـێ گـوڵ و وشـەی دەسـتکرد هێنـدە دڵ بفڕێنێت.

بـاوکم دوو کـاغەزی بـۆ هێنـام داوای لـێ کـردم کە بیـان خـوێنمەوە. ئەو دوو نـامەیە بـوو کە بـۆ منـی نوسـیوە و وێڵ و شـەیدای بینینم بووە! ئێسـتا زانـیم

براکەم دەمێکە کۆچی دوایی کردوە و باوکم لەمێژە داواکارە من بگەڕێمەوە! بەڵام من هیچ کام لەم نامانەی باوکمم بەدەست نەگەیشتوە بەداخەوە!.

واهەستدەکەم زۆر بێ ڕەحم و بەزەییبم لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم نامانە پەشیمان بووم لە دواکەوتنم بۆ ماڵەوە! ئەم ماڵە و هەموو ماڵەکانی ئەم نیشتیمانە ئارامترین ماڵن بۆ کیژەکانیان ئەما ئەگەر دەرنەکرێن لەو هێلانەیە! دڵنیاشم هیچ لانەیەک وەک ئەم ماڵە نییە بۆ خۆشبەختی، هیچ جۆرە تەلار و باڵەخانەیەک نابێتە تەنیا ژورێکی ماڵەکەی خۆت.

من نامەوێ درێژەی پێبدەم و کارێک بکەم هیچ کەسێک بێزاربکەم لە خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە، ئەگەر نا ناسۆری دیکە بوونیان هەیە کە بیانخەمە سەر ئەم کاغەزانە و بیانچەسپێنم لەم پەرتووکەدا. لەو ساتەوەی بە دایکم و باوکم شاد بوومەتەوە بوومەتە

چەتری سەریان ئەگەر گوناهباربم و تاوانێکم کردبێت بووبێتە هۆی ئازاری ئەوان دەمەوێت بۆیان قەرەبوو بکەمەوە.

بەسەر تەواوی ئەو شەقامانەدا دووبارە ڕێمکردەوە کە ڕۆژانێک بوو بەبێ سێبەری دایک و باوک و هیچ لانەیەک پێیاندا ڕێم کردووە! چوومەتە زۆرێک لەو باخچانەی بە فرمێسکەکانم ئاوی زۆرێک لە گوڵەکانیم داوە دووبارە هاتومەتەوەو دەمەوێت بە هەموو بولبولەکان بڵێم ئێستا کەمێک ئارامترە ئەم ڕازە.

## ((کۆتایی))



# Tawan La Bargi Awrishm

Zanyar Mohammed Hama Amin